# وەقایعی کوردستان

رۆژنـامـەی ڕەسـمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٣٠٤) سالّی بیست و سێ ١٨ ئایار ٢٠٢٢زایینی ٢٨ گولاّن ٢٧٢٢ کوردی ٢٨ شەوال ١٤٤٤ کۆچی

304

رێنمایی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی ١ لا
ڕێنمایی ئاسانکاریی لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای پزیشکی دادی لە هەرێمی کوردستان
– عێراق ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١
ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ ٢٤
دیاریکردنی شێواز و قەبارەو ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبیلی
(دیپلۆماسی و نەتەوەیەکگرتووەکان و خاچی سوور) لە هەرێمی کوردستان
ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ ٢٧
هەمواری سێیەمی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە
و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پیشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١
ڕێنمایی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە ٢٩
ڕێنمایی سنورداركردنی ئاوی چارەسەركراوی ئاوەڕۆكان و دووبارە بەكارهێنانەوەی
بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ ٣٧
هێنانە کایەی گوندی (ئاشتی)
بەیانی راستکردنەوە وەزارەتی ناوخۆ
ڕێنمایی ژمارە (٨ و ٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ٣٨
بەیان ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی وئابووری ٣٩
بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی ٣٩

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٤) السنة ثلاثة وعشرون ١٨ ايار ٢٠٢٣ م. ٢٨ گولان ٢٧٢٣ ك. ٢٨ شوال ١٤٤٤ هـ.

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

# 304


| | ص |
|---|---|
| **تعليمات رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | |
| تعليمات تسهيل تنفيذ احكام قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان - العراق رقم (١٦) لسنة ٢٠٠١ | ٤١ |



| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٢٤ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٢٧ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ هيئة حماية وتحسين البيئة | ٢٩ |
| بيان رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٣٧ |
| بيان تصحيح وزارة الداخلية | |
| بيان رقم (٨ و ٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٣٨ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٣٩ |
| بيان رقم (٢٠) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٣٩ |


No. 304 Date: May 18, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٧٨٥٧ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

پاڵپشت بە ئەحکامی هەردوو ماددەی (١٢) و (٣٢) لە یاسای پزیشکی دادی لەهەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١ و ماددەکانی (٢) و ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**رێنمایی ئاسانکاریی لە جێبەجیکردنی حوکمەکانی یاسای پزیشکی دادی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە ە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

**چوارەم: پەیمانگا:** پەیمانگای پزیشکی دادی.

**پێنجەم: بەڕێوەبەری پەیمانگا:** بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادی.

**شەشەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی پەیمانگای پزیشکی دادوەری.

**حەوتەم: خزمایەتی هەتا پلەی سێیەم:** بریتییە لە خزمایەتی لە ڕەچەڵەک یا ژن و ژنخوازیی لە پلەکانی خزمایەتی یەکەم یا دووەم یا سێیەم.

**هەشتەم:کەسانی خاوەن پەیوەندیی بەهێز:** ئەو کەسانەن کە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی یا دۆستایەتی پتەو پێکەوەیان دەبەستێتەوە یا ئەو کەسەی کە لە گەڵیدا دەژی یا هاوخوانیەتی و، ئەو کەسەی کە ناتوانێ بۆچوونی خۆی لە کێشەکەی ئەو دەرببڕێت بەبێ لایەنگیریی چاوەڕوانکراو.

**ماددەی (٢): ئەم رێنماییە ئەم ئامانجانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

**یەکەم:** رێکخستنی کاری پزیشکی دادی لە هەرێم.

**دووەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی ئەو کەسانەی کە لە پزیشکی دادی لە هەرێم کار دەکەن و، پەرەپێدانی کارەکانیان بۆ یارمەتیدانی دادپەروەری.

**سێیەم:** دیاریکردنی پەیکەری پەیمانگا و تایبەتمەندییەکانی و مەرج و ئەرکەکانی ئەو کەسانەی کە کاری تێدا دەکەن.

**چوارەم:** رێکخستنی رەوتی کارەکان لە پەیمانگای پزیشکی دادی و فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لە ناوەندی پارێزگاکان.

**ماددەی (٣):**

پەیمانگای پزیشکی دادی و فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان بەم رێگایانەی خوارەوە هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان:

**یەکەم:** یەکخستنی شێوازی کاری پزیشکی دادی لە هەرێم و چاودێری جێبەجێکردنی.

**دووەم:** پێشکەشکردنی شارەزایی زانستی و تەکنیکی بۆ دامودەزگای دادوەریی و لایەنەکانی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار.

**سێیەم:** راهێنانی کادیرانی پزیشکی دادی و تەندروستی و تەکنیکی.

**چوارەم:** ئامادەکردنی توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە پزیشکی دادی.

**پێنجەم:** ئەنجامدانی شیکردنەوەی ئاماریی بۆ ڕووداوە پزیشکیە دادییەکان.

## بەشی دووەم

## پەیکەری پزیشکی دادی وبەشەکانی پەیمانگا و فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لەپارێزگاکان و تایبەتمەندییەکانیان

**ماددەی (٤):**

**یەکەم: پەیکەری پزیشکی دادی لە هەرێم لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

أ- پەیمانگا کە بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختە و بەستراوەتەوە بە وەزارەت، کە (پزیشکێکی دادی) بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی) سەرۆکایەتی دەکات و لە لایەن وەزیرەوە دەپاڵێورێت و بە بڕیاری سەرۆک وەزیران دادەمەزرێت، بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی نۆیەم لە یاسای پزیشکی دادی لەهەرێمی کوردستان ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١.

ب- فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم کە لە رووی کارگێڕییەوە بەستراونەتەوە بە فەرمانگەکانی تەندروستی لەم پارێزگایانە و، لە رووی تەکنیکیەوە بەستراونەتەوە بە پەیمانگا وە پزیشکێکی دادی سەرۆکایەتی دەکات.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە لەو پارێزگایانەی کە زانکۆی پزیشکی تێدایە لە کاتی پێویستدا فەرمانگەی پزیشکی دادی بگۆڕێت بۆ پەیمانگای دادی.

**ماددەی (٥): پەیکەری پەیمانگا لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی پەیمانگا.

**دووەم:** بەشەکانی پەیمانگا.

**ماددەی (٦):**

ئەنجومەنی پەیمانگا بەم جۆرەی خوارەوە پێکدێت و دەسەڵاتەکانی خۆی بە گوێرەی دەقی هەر دوو ماددەی حەوتەم و هەشتەم لە یاسای پزیشکی دادی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١ بەکار دەهێنێت:

**١- پەیکەری ئەنجومەنی پەیمانگا:-**

**یەکەم:** ئەنجومەنی پەیمانگا پێکدێت لەمانەی خوارەوە:

١- بەڕێوەبەری پەیمانگا- سەرۆک.

٢- نوێنەرێک لە وەزارەتی (پێشمەرگە) کە وەزیری کاروباری (پێشمەرگە) لەنێوان پزیشکە سەربازییەکان هەڵیدەبژێرێت - ئەندام.

٣- نوێنەرێک لە وەزارەتی ناوخۆ کە وەزیری ناوخۆ هەڵیدەبژێرێت لەنێوان ئەفسەرانی پۆلیس کە نابێ پلەکەی لە موقەدەم کەمتر بێت و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا یا فەرمانبەری یاسایی بێت لە کەسانی پسپۆڕ لە وەزارەتی ناوخۆ - ئەندام.

٤- نوێنەرێک لە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم کە ئەنجومەن هەڵیدەبژێرێت لەنێوان وانەبێژانی وانەی پزیشکی دادی لە زانکۆکانی هەرێم – ئەندام.

٥- دادوەرێک کە نابێ پۆلەکەی لە پۆلی دووەم کەمتر بێت و ئەنجومەنی دادوەری هەڵیدەبژێرێت – ئەندام.

٦- داواکارێکی گشتی کە نابێ پۆلەکەی لە پۆلی دووەم کەمتر بێت وە ، وەزیری داد هەڵیدەبژێرێت – ئەندام.

٧- سەرۆک بەشەکانی پەیمانگای پزیشکی دادی – ئەندامان.

٨- سێ پزیشکی دادی کە وەزیر هەڵیدەبژێرێت – ئەندامان.

٩- پزیشکێکی پسپۆڕ کە وەزیر هەڵیدەبژێرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ کە شیاوی درێژکردنەوەیە – ئەندام.

**دووەم:** ئەنجومەنی پەیمانگا هەر سێ مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە و سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە بانگهێشتیان بکات بۆ کۆبوونەوە هەر کاتێک کە پێویست بێت و، ڕێژەکەش بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن تەواو دەبێت و، بڕیارەکان بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو دەردەچێت و، ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون، ئەوا ئەو لایەنەی کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵە سەردەکەوێت.

**سێیەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**٢- ئەرکەکانی ئەنجومەنی پەیمانگا:**

ئەنجومەنی پەیمانگا ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆیە:

**یەکەم:** ئامادەکردنی پلانی ساڵانەی پزیشکی دادی لە هەرێم و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی.

**دووەم:** ئامادەکردنی بوودجەی ساڵانە و ژمێریاریی کۆتایی پەیمانگا و فەرمانگە پزیشکیەکانی سەر بەوان.

**سێیەم:** دانانی لیژنەیەک لە ئەندامانی خۆی کە لە سێ پزیشکی دادی پێکدێت، لەوانەی کە لە خزمەت بەردەوامن بۆ سەیرکردنی ئەو ناڕەزاییانەی کە سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی پزیشکی دادی پیشکەش دەکرێن.

**چوارەم:** پێشنیارکردنی ئەوەی کە بە شیاوی دەزانێت سەبارەت بە میتۆدەکانی پزیشکی دادی و خوێندنی باڵای پسپۆڕیی بۆ پزیشکانی دادی.

**پێنجەم:** پە سندکردنی کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ خاوەن پیشە پزیشکی و تەندرو ستی و تەکنیکییەکان لە فەرمانگەکانی پزیشکی دادی.

**شەشەم:** پێشنیاری پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی پزیشکی دادی یا شاندکردنیان.

**حەوتەم:** پێشنیاری پێدانی پاداشت بە فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی پزیشکی دادی بۆ هاندانی ئەدای نایابیان.

**هەشتەم:** سەیرکردنی ئەو بابەتانەی کە لەلایەن وەزیر یان بەڕێوەبەری پەیمانگاوە رەوانەی لایان دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** بەرێوەبەری پەیمانگا تایبەتمەندییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت و ئەو دەسەڵاتانە بەکاردەهێنێت کە لە یاسای پزیشکی دادی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١٦) ی ساڵی ٢٠٠١ و ئەم رێنماییەدا هاتوون و، راستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە وەزیر و، سکرتاریەتێک لەسەر ئاستی بەش هاوکاری دەکات.

**دووەم:** - سکرتاریەتی بەرێوەبەری پەیمانگا لە لایەن فەرمانبەرێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بێت لە یاسا یا کارگێڕی یا پسپۆڕییەکانی پەیوەست بە پزیشکی دادی کە نابێ پلەکەی لە پلەی شەشی پلەبەندیی فەرمانبەران کەمتر بێت و دەبێ خاوەن شارەزایی بێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت: -

أ - رێکخستنی پۆستەی بەرێوەبەری پەیمانگا و وادە و سەردان و دیمانە و کۆبوونەوەکانی.

ب - وەرگرتن و رێکخستنی نووسراوەکان و ئامادەکردنی یاداشت و نووسراوە دەرەکییەکان و بەدواداچوونیان.

ج - بەدواداچوونی پۆستەی نهێنی.

د - هەماهەنگی و بەدواداچوون و رێکخستنی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی پەیمانگا و بەرێوەبەرەکەی.

ه - بەدواداچوونی کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی پەیوەندیدار بە پەیمانگا و پزیشکی دادی و بەدیکۆمێنت کردنیان.

و - یارمەتیدانی بەرێوەبەری پەیمانگا لە جێبەجێکردنی ئەرک و تایبەتمەندییەکانی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پەیمانگا و بەدیکۆمێنت کردنی کۆبوونەوە و بڕیارەکانی و بڵاوکردنەوەیان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** بەشەکانی پەیمانگا و بەشەکانی فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

أ - بەشی پشکنینی زیندووان.

ب - بەشی پشکنینی مردووان.

ج - بەشی تاقیگە.

د - بەشی وێنەگرتن و تیشک.

ه - بەشی ئامار و توێژینەوە.

و - بەشی ددان.

ز - بەشی کارگێڕی.

ح - بەشی یاسایی.

ط - بەشی ژمێریاری.

**دووەم:**

١- بەشی زیندووان و بەشی مردووان و بەشی ددان پزیشکێکی دادی پسپۆڕ سەرۆکایەتی دەکات و، بەشی وێنەگرتن وتیشک پزیشکێکی پسپۆڕ سەرۆکایەتی دەکات و، هەر یەک لەوانەش ژمارەیەک فەرمانبەر و یاریدەدەری پزیشکی هاوکاریان دەکەن.

٢- بە شی تاقیگە پزیشکێکی دادی سەرۆکایەتی دەکات و ژمارەیەک فەرمانبەر و یاریدەدەری پزیشکی هاوکاریی دەکەن.

٣- بەشی ئامار و توێژینەوە پزیشکێکی دادی یا پسپۆڕێکی بواری ئامار و توێژینەوە سەرۆکایەتی دەکات و ژمارەیەک فەرمانبەر و یاریدەدەری پزیشکی هاوکاری دەکەن.

٤- بەشی کارگێڕی و بەشی یاسایی و بەشی ژمێریاری لە هەر یەکە لە پەیمانگا و فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان، بەڕیوەبەری بەشێک سەرۆکایەتی دەکات کە نابێ لە پلەی شەشی پلەبەندیی فەرمانبەران کەمتر بێت و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێت لە یاسا یان کارگێڕی و ئابووری یا ژمێریاری یا فەرمانبەرێکی شارەزای ژمێریاری بێت.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری پەیمانگا بەشی نوێ لە پەیمانگا یا فەرمانگەکانی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان بکاتەوە.

**ماددەی (٩):بەشی پشکنینی زیندووان ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە: -**

**یەکەم:** خەمڵاندنی تەمەن.

**دووەم:** پێ سپێریی لەسەر کەسەکان و دایەنیی منداڵ.

**سێیەم:** ئالوودەبوون و نەخۆشییە جەستەییەکان و کەمئەندامی.

**چوارەم:** زەبری دەرەکی.

**پێنجەم:** پەیوەندییە سێکسیەکان و دیاریکردنی ڕەگەز.

**شەشەم:** دیاریکردنی رەچەڵەک.

**حەوتەم:** دووگیانی و لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ.

**هەشتەم:** شیانبوون بۆ هاوسەرگیری.

**نۆیەم:** منداڵبوون و نەزۆکی و پەککەوتوویی سێکسی.

**دەیەم:** سەلامەتی هێزی عەقڵی بەهۆی دەسەڵاتبەندیی و پێسپێریی و سەرکاری و ئەوانیتر.

**یازدەیەم:** پشکنینی توانای جەستەیی بە مەبەستی دامەزراندن لە پۆستە گشتییەکان.

**دوازدەیەم:** هەر پشکنینێکی تر بۆ زیندووان کە لەرێگای لایەنە دادوەریی یا لێکۆڵینەوەکانەوە نێردراوە.

**سێزدەیەم:** دەربڕینی را و بۆچوون لەسەر رووداوە دادییەکان.

**چواردەیەم:** بەشداریکردن لە لیژنەکانی پشکنینی رووداوە دادییەکان.

**ماددەی (١٠): بەشی پشکنینی مردووان ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە: -**

**یەکەم:** وەرگرتن و رادەستکردنی تەرمەکان و بەدیکۆمێنت کردنی لە تۆمارەکاندا.

**دووەم:** توێکاریی تەرم و ئەندامەکانی جەستە و دەرکردنی بڕوانامەی مردن دوای تەواوبوونی توێکاری.

**سێیەم:** پاراستنی تەرمەکان.

**چوارەم:** نۆژەنکردنەوەی بەفرگرەکانی تایبەت بە پاراستنی تەرمەکان.

**پێنجەم:** وەرگرتنی پەنجەمۆری تەرمە نەناسراوەکان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

**شەشەم:** ڕێکخستنی فۆرمی ئاماری تایبەت بە تەرمە نەناسراوەکان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

**حەوتەم:** بەدواداچوون بۆ رادەستکردنی تەرمە نەناسراوەکان بە خاوەنەکانیان دوای ناسینەوەیان بە پیشاندانی وێنە و وەرگرتنی زانیاری لێیان و دەرکردنی بڕوانامەی مردن.

**هەشتەم:** بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی پەیوەندییدار بە تەرمە نەناسراوکان لە ئەگەری نەناسینەوەیان و بەدواداچوون بۆ ناشتنی ئەو تەرمانەی کە کەسوکاریان نەگەڕاونەتەوە بۆ وەرگرتنەوەیان بەپێی ماوە و حوکمەکانی هاتوو لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١.

**ماددەی (١١):بەشی تاقیگە ئەم ئەرکانی خوارەوەی لە ئەستۆدایە: -**

**یەکەم:** وەرگرتن و پشکنینی مادەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییە دەستبەسەرداگیراوکان و ئەلکهول.

**دووەم:** پشکنینی بەکتریۆلۆژی.

**سێیەم:** پشکنینی شلەمەنی جەستە و قژ و ریشاڵەکان و ئەو پشکنینانەی تر کە خاوەن سروشتی پزیشکی دادین.

**چوارەم:** شیکاری دادی و ژەهراویبوون.

**پێنجەم:** پشکنینی سیرۆلۆژی.

**شەشەم:** پشکنینی تاقیگەیی پەرتەوازە.

**حەوتەم:** پشکنینی نمونە وەرگیراوەکان لە تەرمی مردووان.

**هەشتەم:** پشکنینی ئەو دەرمانانەی کە بۆ چارەسەر بەکاردێن یا ئەوانەی کە پەیوەندیان بە تاوان یان مردنەوە هەیە.

**نۆیەم:** پشکنینی بافتزانی.

**ماددەی (١٢):بەشی وێنەگرتن و تیشک ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:-**

**یەکەم:** وەرگرتنی توێژاڵە تیشکییەکان.

**دووەم:** ئەنجامدانی پشکنینی سۆنەر.

**سێیەم:** وەرگرتنی وێنە لە رووداوەکانی پشکنینی زیندووان و مردووان.

**ماددەی (١٣): بەشی ئامار و توێژینەوە ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:-**

**یەکەم:-** کۆکردنەوە و وردبینی داتا و ئامار و توێژینەوەکان.

**دووەم:** ڕێکخستن و کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئامارەکانی پەیوەست بە رووداوەکانی پزیشکی دادی.

**سێیەم:** ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە چالاکییەکانی پزیشکی دادی لە هەرێم.

**چوارەم:** تەواوکردنی مامەڵەی نووسراوەکانی پشتڕاستکردنەوەی مردن و بڕوانامەکانی مردن و بەدواداچوونی.

**پێنجەم:** ئامادەکردنی پلانی ڕاهێنانی پزیشکی دادی بۆ فەرمانبەران و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی.

**شەشەم:** ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە دادی و زانستییەکان.

**ماددەی (١٤): بەشی کارگێڕی ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:-**

**یەکەم:** بەدواداچوونی دیسپلینی فەرمانبەران و پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و ئەو سزایانەی کە بەسەریاندا سەپێنراوە و جێبەجێکردنیان.

**دووەم:** ڕێکخستنی کاری سەرچاوە مرۆییەکان، خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکان، بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆگاکان.

**سێیەم:** بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی بیناسازی و چاککردنەوە و کارە ئەندازیارییەکان و لەحیمکاریی و ئاسنگەریی و لێکدان و نۆژەنکردنەوەی کەلوپەل و پێداویستیەکانی تر.

**چوارەم:** پاراستن و نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و ئامێرە پزیشکی و خزمەتگوزارییەکان.

**پێنجەم:** ئەنجامدانی ئەو کار و ئەرک و تایبەتمەندییانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە پێیان دەسپێردرێ.

**ماددەی (١٥): بەشی یاسایی ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:-**

**یەکەم:** بەڕێوەبردنی کاروباری یاسایی و دەربڕینی بۆچوون و پێدانی ڕاوێژ لەسەر بابەتە یاساییەکان.

**دووەم:** بە شداریکردن لە ئامادەکردنی پڕۆژە یا سا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە پزیشکی دادی و دەربڕینی را و بۆچوون لەبارەیانەوە.

**سێیەم:** نوێنەرایەتیکردنی پەیمانگا یان فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان لەبەردەم دادگاکان و دەزگاکانی تری لێکۆڵینەوە و ئەوانی دیکە.

**چوارەم:** ئامادەکردن یان بەشداریکردن لە ئامادەکردنی توێژینەوەکانی تایبەت بە پزیشکی دادی.

**ماددەی (١٦): بەشی ژمێریاری ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:-**

**یەکەم:** هەستان بە کاری تۆمارە ژمێریارییەکان و ڕێکخستنی مامەڵەکانی ئاڵوگۆڕ و دانان و ڕێکخستنی بەڵگەنامە و دەرخستە و چەکەکان و دەرخستەی بانکی و پێشینەکان و ئەمانەتەکان و داهات و خەرجییەکان و بەراوردکردنیان.

**دووەم:** ڕێکخستن و خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە پلەبەرزکردنەوە و پاداشت و ئامادەنەبوون و لێبڕینەکان.

**ماددەی (١٧):**

بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا هەمان تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری پەیمانگای هەیە لەو چوارچێوەیەی کە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا و بەشەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

## بەشی سێیەم
## ڕێسا گشتییەکانی ڕەوتی کاری پزیشکی دادی

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم:** وەسف و وردەکاری ئەو ڕووداوانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری یان لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ڕەوانەی پەیمانگا دەکرێن لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆمار دەکرێن، کە تێیدا ژمارە و ڕێکەوت و ئەو لایەنەی کە ناردوویەتی و وەسفی حاڵەتی نێردراو و ڕێکەوتی وەرگرتن و ناوی کەسی وەرگر و هەر تێبینیەکی تر لەسەر شێوازی هەڵگرتن و بەرگکردنەکە تۆمار دەکرێت و، پسوولەیەکی وەرگرتن دەدرێت بەو کەسەی کە ڕێپێدراوە بە ڕادەستکردنی و هەموو ئەو وەسفانەی سەرەوەی تێدا جێگیر دەکرێت.

**دووەم:** دەبێ ناسنامەی کەسەکە یان تەرمەکە یا سەلامەتی ئەو کەرەستانەی کە نێردراون پشتڕاست بکرێنەوە و، لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەشدا بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بڕیار دەدرێت بە وەرگرتن یا گەڕاندنەوەی.

**سێیەم:** - پەیمانگا دەتوانێت ئەو کەرەستە یا ڕووداوانە ڕەت بکاتەوە کە ئاراستەی کراون ئەگەر مەرجەکانی ناردنیان تێدا نەبێت یا خود لە ئەنجامی پشکنینی سەرەتاییدا دەربکەوێت کە پاراستنی پاکەتەکان تەندروست نەبووە و بەدەر نەبووە لە پچڕان یان دەستکاری کردن.

**چوارەم:** - ئەگەر پەیمانگا بە هەر هۆکارێک بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی کەرەستە نێردراوەکان، ئەوا پەیمانگا بەرگی کەرەستە نێرادراوەکان دەخاتە ناو بەرگێکی تر کە بە مۆری پەیمانگا مۆرکراوە و، دەیگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی تایبەتمەندی خۆی –تەنانەت پاش دانان و تۆمارکردنیشی بۆ دڵنیابوون لە ناوەڕۆکەکەی و دەستکاری نەکردنی پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە.

**ماددەی (١٩):**

**یەکەم:-** بەڕێوەبەری پەیمانگا یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان ڕووداوی وەرگیراو ڕەوانەی بەشی پەیوەندیدار دەکات یان دەینیرێت بۆ لیژنەیەک کە لە سێ پزیشکی دادی پێکهاتووە، ئەگەر پاساوێک بۆ ئەو کارە هەبێت.

**دووەم:-** وەک ڕیزپەڕێک لەحوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم مادەیە، ڕووداوەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی دژ بە ڕەوشت و ئادابی گشتی و، ڕووداوی خەمڵاندنی تەمەن دەخرێنە بەردەم لیژنەیەک کە لە سێ پزیشکی پسپۆڕ پێکهاتوون.

**سێیەم:** بەڕێوەبەری پەیمانگا، بە فەرمانێکی کارگێڕی لیژنەیەکی هەمیشەیی پێکدەهێنێت بۆ پشکنینی ڕووداوەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی دژ بە ڕەوشت و ئادابی گشتی و، ڕووداوەکانی خەمڵاندنی تەمەن و، هەرکاتێک پێویست بوو ئەوا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

**چوارەم:** بەڕێوەبەری پەیمانگا یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لەپارێزگاکان هەر کاتێک کە بە گونجاوی بزانێت،دەتوانێت بڕیار لەسەر پێکهێنانی هەر جۆرە لیژنەیەکی پشکنینی هەمیشەیی بدات

**پێنجەم:** هیچ ئەندامێکی لیژنەکانی پشــکنینی هەمیشــەیی ناگۆڕدرێت، جگە بە داواکارییەک کە تێیدا هۆکـارەکەی دیـاری کرابێـت یـان لەســەر بنەمـای بوونی هۆکـارێـک لە هۆکـارەکـانی نـاکۆکی بەرژەوەندییەکان ، بەپێی بڕیاری بەڕێوەبەری پەیمانگا یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشــکی دادی لەپارێزگاکان.

**شـەشـەم:** لە ئەگەری گۆڕینی هەر ئەندامێکی لیژنەی پشکنینی هەمیشـەیی بە هەر هۆکارێک بێت، ئەمە لە راپۆرتی پزیشـکی دادی ئەو رووداوەی کە پشـکنینەکەی لەسـەر ئەنجامدراوە تۆمار دەکرێت لەگەڵ ئاماژەدان بە هۆکاری گۆڕینەکە.

**ماددەی (٢٠):**

بەشــەکان یان لیژنەکانی پشــکنین ئەو رووداوانەی کە بۆیان رەوانە دەکرێن، هەر لەگەڵ وەرگرتنیان لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆماریان دەکەن، کە تێیدا رێکەوتی وەرگرتنیان لە پەیمانگا و ژمارەی هاتووی گشـتی لە پەیمانگا، ژمارە و رێکەوت و لایەنی دادوەری یا لێکۆڵینەوەی داواکاری پشکنین، وەسفەکانی کەرەستە یا حاڵەتە وەرگیراوەکە و هەر تێبینیەکی تر کە لەسەر بەرگ یا پاکەتەکانیان هەبێت تۆمار دەکرێن.

**ماددەی (٢١):**

لیژنەی پشکنین یان پزیشکی دادی تایبەتمەند - پێش دەستپێکردنی پشکنینەکە - ناسنامەی کە سەکە یا تەرمی مردووەکە یان مادەی نێردراو پشـتڕاسـت دەکاتەوە بە هاوتاکردنی وەسـف و تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ ئەوەی کە لە نووسـراوی داواکاری پشــکنین یا فۆرمی داواکاری توێکارییدا نووســراوە، هەروا سەرنجی ناسنامە (لە سەر مەچەکی تەرمەکە)، مۆری سەر قوڵ و وێنەی سەر نووسراوە رەوانەکراوەکە دەدات و، هەموو ئەمانە لە سەرەتای راپۆرتی پزیشکی دادیدا جێگیر دەکات

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** لیژنەی پشــکنین یا پزیشــکی دادیی تایبەتمەند پشــکنینی پێویســت ئەنجام دەدات بەپێی بنەما پزیشکی و تەکنیکییە باوەڕپێکراوەکان.

**دووەم:** راپۆرتێکی پزیشــکی دادی - هەر لەگەڵ تەواوبوونی پشــکنینەکە و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی - رێکدەخرێت کە وەسفی تەواوی رووداوە پزیشکیە پشکنراوەکە و، ئەو رێکارانەی کە تەواو کراون و، ئەنجامی ئەو پشـکنینانەی کە ئەنجام دراون و، هەر تێبینیەکی تر لەخۆدەگرێت کە پشـکنەر لەڕووی دادییەوە بە گرنگی دەزانێت و، هەموو ئەو دەقە یاسـاییی یا رێنماییانە دەخاتەڕوو، کە پێویســتە لە راپۆرتەکەدا باس بکرێن.

**سێیەم:** راپۆرتی پزیشکی دادی لەلایەن بەڕێوەبەری پەیمانگا یا بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا پەسند دەکرێت و ئینجا مۆر دەکرێت.

**ماددەی (٢٣):**

پەیمانگا و فەرمانگەی پزیشــکی دادی لە پارێزگاکان پابەندن بە ئەنجامدانی پشــکنینە پێویســتەکان و ناردنی ئەنجامەکان لە ماوەیەکی گونجاودا، لەو ســنوورەی کە پێویســتە بۆ ئەنجامدانی پشــکنینەکە و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی و، نابێ لەو ماوەیەی کە پێویســتە زیاتر دوابخرێت، جگە لە هۆکارێکی ڕەوا نەبێت، کە ئەمەش لە راپۆرتی کۆتایی پزیشکی دادیدا ئاماژەی پێدەکرێت.

**ماددەی (٢٤):**

**یەکەم:** پەیمانگا یا فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان دەبێت دەستبەجێ دادوەری لێکۆڵینەوە یان فەرمانگەی لێکۆڵەری دادوەری یان دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر ئەو کەسەی کە پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت رەتیکردەوە پشکنینەکە ئەنجام بدات یان ئەو نموونەیەی کە پێویستە پێشکەشی بکات، بۆ ئەوەی رێوشوێنی پێویست بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٧٠) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧٠ی هەمواركراو بەرامبەری بگیرێتەبەر.

**دووەم:** پەیمانگا و فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان دەبێ رژد بن لەسەر ئەوەی کە پشکنینی پزیشکی دادی و وەرگرتنی نموونە لە ئافرەتان لەرێگەی ئافرەتان یان بە ئامادەبوونی ئافرەتێک وەک هاوکار ئەنجام بدرێت، مەگەر ئەوەی کە بە هەر هۆکارێک نەتوانرێت ئەمە ئەنجام بدرێت.

**ماددەی (٢٥):**

**یەکەم:** پشکنینی توێکاری تەرم ئەنجام نادرێت، جگە بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادوەریی تایبەتمەند نەبێت، ئەویش بەپێی فۆرمی داوای توێکاری کە بە مۆری لایەنی لێکۆڵینەوەی نێرەر مۆر کراوە.

**دووەم:** فەرمانگەی لێکۆڵەری دادوەریی تایبەتمەند یان لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند دەبێت ئەو تەرمە بنێرێت بۆ پەیمانگا یان فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگاکان، کە بڕیارە توێکاری بۆ ئەنجام بدرێت لەگەڵ فۆرمی داوای توێکاری تەرم کە لەگەڵ ئەم رێنماییەدا هاوپێچ کراوە.

**سێیەم:** دەکرێت تەرمەکە بەبێ توێکاری رادەست بکرێتەوە بە بڕیارێکی هۆکاردار لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە، کە دەکرێت ئەمەش لەرێگەی لێکۆڵەری دادوەریی تایبەتمەندەوە بەدەستبهێنرێت.

**چوارەم:** پەیمانگای پزیشکی دادی یا فەرمانگەی پزیشکی دادی دەتوانێت فۆرمی توێکاری بۆ فەرمانگەی لێکۆڵەری دادوەریی تایبەتمەند لە پەیمانگاکە بنێرێت بە مەبەستی ناردنی بۆ لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند و، لە ئەگەری نەبوونی ئەو فەرمانگەیەی کە پێشتر باسکرا، ئەوا فۆرمەکە راستەوخۆ دەنێردرێت بۆ لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند.

**پێنجەم:** ئەگەر هاویشتراوی ئاگرین یان سەرەگوللەی ئاگرین یان هەر تەنێکی تر لە تەرمەکە دەرهێنرا، ئەوا دەبێت لێکۆڵەری دادوەریی تایبەتمەند ئاگادار بکرێتەوە بۆ رێکخستنی کۆنووسی رەوتی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم بابەتە.

**ماددەی (٢٦):**

پزیشکی دادی دوای تەواوکردنی پرۆسەی توێکاری تەرمەکە، بڕوانامەی مردنی پزیشکی دادی رێکدەخات بەپێی نموونەی بڕوانامەی مردنی باوەڕپێکراو کە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەندکراوە، هەروەها وێنەیەکی رەسەنیشی دەدات بە کەسوکاری مردووەکە لەرێگەی بەشی یاسایی لە پەیمانگا.

**ماددەی (٢٧):**

نابێ توێکاری تەرمێک بکرێت، ئەگەر گومانی بوونی نەخۆشییەکی پەتای لێ بکرێت کە کەوتووەتە ژێر رێساکانی تەندروستی نێودەوڵەتی و،پەیمانگا دەبێت بەخێرایی دادوەری لێکۆڵینەوە لەرێگەی فەرمانگەی لێکۆڵەری دادوەریی تایبەتمەند و لایەنە تەندروستیە پەیوەندیدارەکان لەم بابەتە ئاگادار بکاتەوە.

ماددەی (٢٨):

**یەکەم:** نابێت گۆڕ هەڵبدرێتەوە بۆ پشـــکنینی تەرمی مردوو، تەنیا بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای سـزایی تایبەتمەند نەبێت بەپێی ماددەی (٧١) لە یاسـای بنەماکانی دادگایی کردنی سـزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو.

**دووەم:** پەیمانگا یا فەرمانگەی پزیشـکی دادی لە پارێزگا، پزیشـکێکی دادیی بۆ ئامادەبوون لە هەڵدانەوەی گۆڕ دەســت نیشــان دەکات لەســەر داوای لایەنی دادوەریی تایبەتمەند و لەســەر بنەمای بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە.

**سێیەم:** پزیشـکی دادیی دەست نیشـانکراو ئامادەی پرۆسـەی هەڵدانەوەی گۆڕەکە دەبێت بۆ دەرهێنانی تەرمی مردووەکە بەمەبەسـتی وەسـفکردن یان توێکاریی بۆ خسـتنەڕووی هۆکاری مردنەکە یان گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی تر کە دادوەری لێکۆڵینەوە داوای کردووە و، بۆی هەیە کە نۆڕین لەسەر تەرمە دەرهێنراوەکە ئەنجام بدات یا پشـکنینی بۆ بکات لەسـەر گۆڕەکە یا بیگوازێتەوە بۆ بەشـی تایبەت لەبەر ڕۆشـنایی پێداویسـتیە پزیشـکیەکان و لەبەر ڕۆشـنایی ئەنجامی داواکراو لە نۆڕینی تەرمەکە بەپێی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە.

## بەشی چوارەم
## ڕووداوە دادییەکان و ڕێکارەکانی

ماددەی (٢٩):

**یەکەم:** ڕووداوی پێشهاتەکانی ڕۆژانەی خاوەن بەرکەوتنی سووک بریتیین لە بەرکەوتنەکانی برینداربوون و ســووتـان و ژەهراویبوون بە هەموو جۆرەکـانیەوە، بەبێ گوێدانە هۆکـاری بەرکەوتنەکە و شێوازەکەی یان ئامرازی ڕوودانەکەی.

**دووەم:** پزیشکی دادی پشکنین بۆ برینە سووکەکان دەکات و تێبینیەکانی لە ڕاپۆرتی سەرەتایی پزیشکی دادیدا تۆمار دەکات، لەوانەش دەسـتنیشـانکردنی جۆری بەرکەوتنەکە و ئەو ئامێرەی کە بووەتە هۆکاری و، کاتی ڕوودانی و ماوەی پێویست بۆ چاکبوونەوەی و هەروەها بارودۆخی بەرکەوتووەکە.

**سێیەم:** ڕاپۆرتی سەرەتایی پزیشکی دادی لە دامەزراوە تەندروستیە گشتیەکان بە سێ وێنە دەنووسرێت، کە یەکێکیـان دەدرێتە فەرمـانگەی لێکۆڵەری دادوەری تـایبەتمەنـد، دووەمیـان دەدرێتە لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند یان کەسـی بەرکەوتوو یا کەسـێکی یاوەری بەرکەوتووەکە بەپێی دۆخەکە دوای نووسـینەوەی ناسـنامە یان ژمارەکەی و وێنەی سـێیەم لەو دامەزراوە تەندروسـتییەدا هەڵدەگیرێت کە لێی دەرچووە.

**چوارەم:** ئەگەر هەر پزیشـکێک لە یەکێک لە دامەزراوە تەندروسـتییە گشـتیەکان یان تایبەتیەکان گومانی ئەوەی هەبوو کە بەرکەوتنی نەخۆشـەکە بەهۆی کردەوەیەکی تاوانکارییەوە بووە، چ بووبێتە هۆی مردنی یان نەبووبێت، ئەوا پێویستە پاش چارەسەرکردنی بەرکەوتووەکە، ئەو بنکەی پۆلیسە ئاگادار بکاتەوە کە دەکەوێتە سنوورە جوگرافییەکەی و، لە ئەگەری مردنی، ئەوا پێویستە تەرمەکە ڕەوانەی فەرمانگەی پزیشکی دادی بکات بۆ توێکاریی و دیاریکردنی هۆکاری مردنەکەی و، هەروەها پێویستە وێنەیەکی سەرجەم ڕاپۆرتە سەرەتاییە پزیشکیەکان ڕەوانە بکات

**ماددەی (٣٠):**

**یەکەم:** ڕووداوی پێشهاتەکانی ڕۆژانەی خاوەن بەرکەوتنی مەترسیدار بریتین لەو بەرکەوتنانەی کە بە سروشتی خۆیان وا دەخوازن کە بەرکەوتوو لە نەخۆشخانە بخەوێندرێ بۆ ئەوەی لەژێر چاودێریدا بێت بۆ بەدواداچوونی ئەنجامی بەرکەوتنەکە، وەک بەرکەوتنی سەر و جەستە یان ئەو بەرکەوتنانەی کە زیانە ناوخۆییەکانی هەمیشە لەگەڵ زیانە ڕواڵەتییەکاندا یەکناگرێتەوە، یاخود پێویستی بەوەیە بەرکەوتووەکە لەژێر چاودێریدا بێت بۆ دەستنیشانکردنی بارودۆخەکەی یان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان پشکنینی پزیشکی یان تیشکی.

**دووەم:** پێش وەرگرتنی ئەو کەسەی کە تووشی بەرکەوتنی مەترسیدار بووە لە نەخۆشخانە، ئەوا دەبێت پزیشک ئەو زیانە دیارانەی کە بینویەتی و هەروا ئەو نیشانە کلینیکیانەی کە تێبینی کردووە لە ڕاپۆرتی سەرەتایی پزیشکیدا تۆماری بکات.

**سێیەم:**

أ- پزیشک دەبێ پابەند بێت بە نەشێواندنی ناوچەی بەرکەوتنەکە و لە ئەگەری ناچاربوونی بە گرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێن لە شوێنی بەرکەوتنەکە، ئەوا دەبێت بە وردی باسی بکات.

ب- لە ئەگەری بەرکەوتنی کەسی بەرکەوتوو بە بەرکەوتنی ئاگرین، ئەوا پێش دەستپێکردنی نە شتەرگەریی، ئەوەی کە لە شوێنەواری کاریگەرییەکانی تەقەکردن دەبینرێت لە پەروەندەی کە سی بەرکەوتوودا تۆمار دەکرێت، وەک سووتاویی یان ڕەشبوونەوە یان نەخشی بارووتی.

**چوارەم:**

أ- دەکرێت کەڵک لە پشکنینی تیشکی وەربگیرێت بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی ئێسکەکان یان بۆ دڵنیابوون لە بوونی فیشەک یان هەر تەنێکی نامۆی تر بۆ زانینی شێوازەکەی و دیاریکردنی شوێنەکەی و خاڵی چوونە ژوورەوەی.

ب- ئەگەر فیشەکی ئاگرین یا هەر تەنێکی تر لە جە ستەی کە سی بەرکەوتوودا دەرهێنرا، ئەوا دەبێت بە بڕێکی پێویست لە لۆکەی نەرم دابنرێت و بپێچرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاپۆرتی سەرەتایی پزیشکیدا بنێردرێت بۆ لایەنی تایبەتمەند، هەموو ئەمانەش دەبێت دوای دەرچوونی بەرکەوتوو لە نەخۆشخانە لە پەروەندەی بەرکەوتوو و لە ڕاپۆرتی پزیشکیدا تۆمار بکرێن.

**پێنجەم:** هەموو ئەو ڕێکارە پزیشکی و نەشتەرگەریانەی کە بۆ بەرکەوتوو ئەنجام دەدرێن، دەبێت لە پەروەندەی بەرکەوتوودا تۆمار بکرێن.

**شەشەم:** پزیشکی چارەسەرکەر، لانیکەم هەموو هەفتەیەک ڕاپۆرتێکی پزیشکی خولەکی لەسەر بارودۆخی بەرکەوتوو بە بەرکەوتنی مەترسیدار دەردەکات و ئەو لایەنی لێکۆڵینەوەیە ئاگادار دەکاتەوە کە ناردویەتی و، تێیدا بارودۆخی بەرکەوتوو و ئەو پێشکەوتن یا گۆڕانکارییانە دەست نیشان دەکات هەتا ئەو کاتەی کە کەسی بەرکەوتوو لە نەخۆشخانەدایە.

**ماددەی (٣١):**

**یەکەم:** ئەگەر بارودۆخی بەرکەوتووەکە بەشێوەیەک باشتر بوو بێت کە گومان ناکرێت ببێتە هۆی تێکچوونی حاڵەتەکەی، یان ئەگەر هیچ پێویستیەک بۆ مانەوەی لە نەخۆشخانەدا نەما، ئەوا لەلایەن پزیشکی چارەسەرکەر بڕیاری دەرچوونی لە نەخۆشخانە دەدرێت.

**دووەم:** راپۆرتی کۆتایی کەسی بەرکەوتوو لەگەڵ دەرچوونی لە نەخۆشخانە دەنووسرێت، کە رێکەوتی وەرگرتن و رێکەوتی دەرچوون و هەموو ئەو رێکارانەی چارەسەرکردن کە بۆی ئەنجامدراون و ماوەی چاوەڕوانکراو بۆ چاکبوونەوەی لە خۆ دەگرێت.

**سێیەم:** ئەگەر دووبارەکردنەوەی پشکنینی کەسی بەرکەوتوو پێویست بێت بۆ ئەوەی بوون یان نەبوونی پلەی پەککەوتوویی بزانرێت، ئەوا دەبێت ئەمە لە راپۆرتی کۆتاییدا تۆمار بکرێت.

**ماددەی (٣٢):**

**یەکەم:** نابێت هیچ نەخۆشێک یان بەرکەوتوویەک ناچار بکرێت بە ملکەچبوون یا قبووڵکردنی چارەسەری پزیشکی، جگە لە تووشبووان بە نەخۆشیە گواستراوەکان یان گیرۆیییەکان یان پەتاکان.

**دووەم:** نابێت لە رووداوە پزیشکیە دادییەکاندا بەرکەوتوو دەربکرێت لە ئەگەری بوونی پێویستییەک بۆ بینینی، مەگەر ئەوەی کە بتوانرێت – بەبێ هیچ گرفتێک - لە دەرەوەی دامەزراوەی تەندروستی بەردەوام بێت لە چارەسەرکردن.

**سێیەم:** ئەگەر کەسی بەرکەوتوو (جگە لە ڕاگیراوەکان) یا کەسوکارەکەی رەتیانکردەوە لە نەخۆشخانە بمێننەوە، ئەوا بەڵگەیەکی نووسراو لە خۆی یان کەسوکارەکەی وەردەگیرێت کە پشتگیری ئەم کارە دەکات.

**چوارەم:** لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بە زووترین کات ئاگادار دەکرێتەوە لە رەتکردنەوەی کەسی بەرکەوتوو بۆ وەرگرتنی چارەسەر یان مانەوەی لە نەخۆشخانە، بە مەرجێک کە بارودۆخی بەرکەوتوو بەر لە دەرچوونی لە نەخۆشخانە و، ئەو رێکارانەی چارەسەرکردن کە پێشتر بۆی ئەنجامدراون باس بکرێن.

**ماددەی (٣٣):**

لە ئەگەری چاکبوونەوەی بە تەواوەتی کەسی بەرکەوتوو، ئەوا پزیشکی چارەسەرکەر راپۆرتی چاکبوونەوەی تەواوەتی دەردەکات و، لە پەروەندەی بەرکەوتوو هەموو ئەو تێبینیانەی خۆی تۆمار دەکات کە لەڕووی لێکۆڵینەوەوە گرنگن و، هەروا باس لە هەموو ئەو رێوشوێنانەی چارەسەرکردن دەکات کە گرتوویەتەبەر و، جەخت لەسەر کە چاکبوونەوەی بە تەواوەتی بەرکەوتوو دەکاتەوە لەگەڵ دیاریکردنی پلەی پەککەوتوویی.

**ماددەی (٣٤):**

**یەکەم:** لە حاڵەتی روودانی مردنی کەسی بەرکەوتوو، ئەوا فەرمانگەی لێکۆڵەری دادوەری تایبەتمەند یان لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ئاگادار دەکرێتەوە.

**دووەم:** پزیشکی چارەسەرکەر، خۆی لە دەست لێدانی تەرمی بەرکەوتووکە دەپارێزێت و، رادەستی کەسوکارەکەی ناکات و، بڕوانامەی مردنی بۆ دەرناکات و، بەرپرسە هەتا ئەو کاتەی کە رادەستی لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندی دەکات.

**سێیەم:** پزیشکی چارەسەرکەر، جلوبەرگی بەرکەوتوو و کەرەستەی سەر تەرمەکەی دەپارێزێت و کەلوپەل و وەسفەکانیان تۆمار دەکات و، لەگەڵ تەرمەکەدا لەبەرامبەر پسوولەیەکدا رادەستی لایەنی تایبەتمەندی دەکات.

**چوارەم:** پزیشکی چارەسەرکەر، بۆی هەیە تەرمەکە لەگەڵ پەروەندەکەی بنێرێت بۆ فەرمانگەی پزیشکی دادی و، فەرمانگەی پزیشکی دادی لەسەریەتی لەگەڵ پەروەندەکەدا وەریبگرێت و بیپارێزێت هەتا پێشکەشکردنی فۆرمی داوای توێکاریی یان بڕیارێکی دادوەریی نووسراو بۆ رادەستکردنی بە کەسوکارەکەی بە بێ ئەنجامدانی توێکاریی.

**ماددەی (٣٥):**

**یەکەم:** توێکاریی جەستە ئەنجام نادرێت بەبێ داوای نووسراوی فەرمانگەی لێکۆڵەری دادوەری یان لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند یان بڕیاری دادگای تایبەتمەند، کە بە شێوەی فۆرمی داوای توێکاریی پێشکەش دەکرێت و، بە دەستی پۆلیسێک یان یەکێک لە فەرمانبەرانی لێکۆڵینەوە دەنێردرێت و ژمارە یان ناوەکەی لەسەر فۆرمەکە تۆمار دەکرێت.

**دووەم:** تەرمەکە رادەست دەکرێتەوە لەگەڵ ئەو جلوبەرگە یان ئەو کەرەستانەی کە لەگەڵیدایە و، لایەنی داواکاری پشکنین بە پێویستی زانیوە بینێرێت، چوونکە پەیوەندیی بە رووداوەکەوە هەبووە، لە بەرامبەر واژۆکردن لەو شوێنەی کە لە فۆرمی داواکاری توێکارییدا دیاریکراوە وەک دانانێک بە وەرگرتنی لە پزیشک یا کارمەندی تایبەتمەند کە ناو و سیفەت و کاتژمێر و رێکەوتی وەرگرتنەکەی تێدا نووسراوە و، وێنەیەکی فۆرمەکە لای خۆیان دەپارێزن و، وێنەیەکی تری دەگەڕێننەوە بۆ ئەو لایەنی لێکۆڵینەوەیە کە ناردوویەتی بە دەستی ئەو باوەڕپێکراوەی کە تەرمەکەی هێناوە.

**ماددەی (٣٦):**

**یەکەم:** دەبێ توێکاریی تەواوەتی تەرمەکە بەپێی بنەما پزیشکی و توێکارییەکان ئەنجام بدرێت و، نابێت رازی بن بە پشکنینی رواڵەتی یان توێکاری بەشەکی، هەرچەندە زیانە رواڵەتییەکانیش ئاشکرا بن یاخود وا پیشان بدەن کە هۆکارن مردن.

**دووەم:** پێویستە پزیشکی دادی - پێش ئەنجامدانی توێکاری – ئاگادار بێت لە هەلومەرج و وردەکاریی رووداوەکە و بۆی هەیە بە هەر رێگایەکی بەپەلە کە بە شیاوی دەزانێت داوای زانیاری لەلایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بکات، بەمەرجێک کە ئەمە رێکارەکانی توێکاریی دوا نەخات .

**ماددەی (٣٧):**

**یەکەم:** تەرمەکە بەپێی بنەما پزیشکی و توێکارییەکان لە دەرەوە و ناوەوە پشکنینی بۆ دەکرێت و، هەر زیانێک یان پەتای نەخۆشی تێدابێت تۆمار دەکرێت و خانەکانی فۆرمی توێکاری پزیشکی دادی بە تێبینیەکانی پزیشک پڕ دەکرێنەوە بە رستەیەک کە روون و شیاوی تێگەیشتن بێت.

**دووەم:** هەموو نیشانەکانی مردن (الرمية) و پلەی دەرکەوتنیان و شوێنەکانیان و وەسفە جیاکەرەوەکانی تەرمەکە و، وەسفی جلو بەرگەکانی بەری و وردکارییەکانی و زیانەکانی یان هەر مادەیەکی نامۆ هەبێت تۆمار دەکرێن.

**سێیەم:** پزیشکی دادی دەتوانێت لە کاتی پێویستدا، نمونەی هەناو یا هەر شتێکی تر بنێرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی شانەیی یان بەکتریۆلۆجی یان کیمیاویی بۆ دڵنیابوون لە هۆکاری مردنەکە.

**چوارەم:** ئەنجامی پشکنینەکان و بینینەکان لەو بەشانەی کە لە فۆرمەکەدا بۆیان دیاریکراوە تۆمار دەکرێن.

**پێنجەم:** پزیشکی دادی بە دەرەنجامێکی راشکاوانە بە پشتبەستن بە بینینەکانی و ئەو پشکنینە تاقیگەییانەی کە بەدەستی هێناوە کۆتایی بە راپۆرتەکەی دەهێنێت و ئاماژە بە هۆکاری راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مردنەکە دەکات. ئەگەر نەتوانێت هۆکاری مردنەکە دیاری بکات بە هەر هۆیەک بێت یان لەبەر ئەوەی کە مەحاڵە هۆکارەکەی دیاری بکرێت، ئەوا تەنیا بە رستەی (ناتوانرێت هۆکاری مردنەکە دیاری بکرێت) ئاماژەی پێدەکات.

**شەشەم:** پزیشکی دادی لەسەر هێڵکاریی جەستەیی هاوپێچکراو بە فۆرمی راپۆرتی توێکاری پزیشکی دادی ئاماژە بە شوێنە بەرکەوتووەکان لەسەر تەرمەکە دەکات.

**ماددەی (٣٨):**

**یەکەم:** پزیشکی دادی پێویستە ئاگادار بێت لە هەموو ئەو هەلومەرجانەی کە پێویستن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕ و وردەکارییەکانی رووداوەکە و بارودۆخەکەی و، هەروەها ئەو بابەتە یا خاڵانەی کە لایەنی لێکۆڵینەوە یان لایەنی دادوەریی تایبەتمەند دەیانەوێت لەڕێگەی توێکاریی تەرمەکە یان پاشماوەکانی پێی بگەن.

**دووەم:** پزیشکی دادی پشکنین دەکات بۆ تەرمی دەرهێنراو یان ئەوەی کە لێی بە جێماوە بۆ گەڕان بە دوای شوێنەواری زەبر و پەتای نەخۆشییەکان.

**سێیەم:** لە رووداوەکانی گومانی ژەهراوییبوون یا رووداوەکانی تر کە پێویست بکات، ئەوا هەناو کە بە شێوەی ئاسایی خۆی پارێزراوە، دەنێردرێت بۆ پشکنین و شیکاریی تاقیگەیی.

**چوارەم:** ئەگەر بێت بۆگەن بوون زیاتر بێت، ئەوا بڕێک کە نابێ لە کیلۆیەک کەمتر بێت لەو مادە تواوانەی کە لە ناوسکدا هەیە وەردەگیرێن و دەنێردرێن بۆ پشکنین و شیکاریی تاقیگەیی.

**پێنجەم:** لە حاڵەتەکانی گومانی ژەهراوی بوون لە ئەنجامی خواردنی ژەهری کانزایی، نموونەی قژ و نینۆک و کۆتاییەکانی ئێسکە درێژەکان وەردەگیرێت، ئەمەش جگە لە وەرگرتنی نموونەی ئەو خاکەی کە دەکەوێتە سەرەوە و بنەوەی تەرمەکە، هەروەها لە خاکی نزیک لە شوێنی ناشتنەکە، کە بە چاو وا دیارە پیس نەبووە بەو شتەی کە لە تەرمەکەدا تواوەتەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خاکەکە دوورە لە مادە ژەهراوییەکان.

**شەشەم:** پزیشکی دادی بە وردیی پشکنینی ئێسکەکان دەکات دوای ئەوەی شانە نەرمەکانی سەریان دادەماڵێت بۆ ئەوەی تێبینی شوێنەواری زەبر بکات لەسەریان لەوانەش لەسەر لامە ئێسک.

**حەوتەم:** ئەگەر هۆکاری مردنەکە روون بێت، ئەوا پزیشــکی دادی رای ســەرەتایی خۆی لەســەر هۆکاری مردنەکە دەنووســێت و، لەگەڵ ئەو کەســانەی کە لەگەڵیدا بەشــدار بوون لە لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکە و نۆڕین لەســەر تەرمەکە، پەڕەی نۆڕینەکە واژۆ دەکەن، بەڵام دواتر راپۆرتی پزیشــکی توێکاری پاشــکۆ پێشــکەش دەکات، کە هەموو خاڵە پێویســتەکانی تایبەت بە چۆنێتی ناسینەوەی تەرمەکە و دەستنیشانکردن و وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ تۆمارکردن و وەسفکردنی نیشانەکانی گۆڕانکاریی مردنەکە بەو جۆرەی کە لەسەر تەرمەکە بینراون.

**ماددەی (٣٩):**

**یەکەم:** پزیشــکی دادی دەبێت لە بڕوانامەی مردندا، کە دوای توێکاری دەریدەکات هۆکاری مردنەکە تۆمار بکات کە پێی گەیشتووە و، ئەگەر پشکنینی تر پێویست بکات بۆ گەیشتن بە هۆکاری مردنەکە، ئەوا لەو خانەیەی کە دانراوە بۆ ئاماژەدان بە هۆکاری مردنەکە دەنووســێت (مردنەکە گومانلێکراوە و رێکاری پێویست ئەنجامدراوە). ئەگەر پزیشکی دادی بە هەر هۆیەک نەیتوانی هۆکاری مردنەکە بە شێوەی کۆتایی دەستنیشان بکات، وەک پەرەسەندنی بۆگەن بوونی تەرمەکە، ئەوا دەنووسێت (هۆکاری مردنەکە نەزانراوە).

**دووەم:** وێنەیەکی بڕوانامەی مردن دەدرێت بە کەســوکاری مردووەکە و، وێنەکەی تریش لەو دامەزراوە تەندروستییە هەڵدەگیرێت، کە پزیشکی دەرکەری بڕوانامەی مردن سەر بەو دامەزراوەیە.

**ماددەی (٤٠):**

**یەکەم:** پەیمانگا و فەرمانگەی پزیشــکی دادوەری لە پارێزگاکان دەبێ تۆمارێک دابنێن بە ناوی (تۆماری تەرمە توێکاری کراوەکان) کە تێیدا زانیارییەکانی پەیوەست بە ناسنامەی مردووەکە تۆمار دەکرێن، هەر لەگەڵ وەرگرتنی تەرمەکە بەپێی ئەوەی لە فۆرمی دوای توێکاریدا نووسراوە وێڕای ئاماژەدان بە کاتژمێر و رێکەوتی وەرگرتن و ناسنامە و ناوی وەرگری تەرمەکە.

**دووەم:** پاشــماوەی خانەکانی تۆماری تەرمە توێکاریی کراوەکان دوای تەواوبوونی پرۆســەی توێکاری پڕ دەکرێنەوە، لەوانەش زانیارییە سەرەتاییەکان سەبارەت بە تەرمەکە و پوختەی رێکارەکان و ئەنجامی توێکارییەکە.

**سێیەم:** وێنەیەکی بڕوانامەی مردن و تەرمەکە و ئەو جلوبەرگانەی کە لەگەڵیدا بوون رادەستی کەسوکاری مردووەکە دەکرێنەوە، دوای ئەوەی واژۆ دەکەن بە وەرگرتنی لە خانەی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە لە (تۆماری تەرمە توێکاریی کراوەکان)، هەروا ئاماژە بە ناو و ناســنامەی وەرگرەکە و پەیوەندیی بە مردووەکە و ناونیشانەکەی و ئامرازەکانی پەیوەندییکردن لەگەڵ ئەو کەسانە دەدرێت.

**چوارەم:** وەک ریزپەڕێک لە حوکمەکانی بڕگەی (ســێیەم)ی ئەم ماددەیە، نابێت جلوبەرگی مردووەکە رادەست بکرێتەوە، ئەگەر زیانێکی وای تێدا بێت بەهۆکاری چەکی ئاگرین یان ئامێری تیژ یان کوتانە بڕین یان هەر شوێنەوارێک کە ئاماژە بێت بۆ ئامێر یان ئامراز یان هۆکاری رێ تێچووی مردنەکە.

**پێنجەم:** جلوبەرگەکانی مردوو - کە رادەستی کەسوکارەکەی نەکراون - دوای ئەوەی بەستەبەند دەکرێن و دەپێچرێنەوە لەگەڵ راپۆرتی پزیشکی توێکاری رادەستی لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند دەکرێن.

**ماددەی (٤١):**

**یەکەم:** بە وردیی ناسنامەی کەسی نێردراو بۆ پشکنین لە رووداوە سێکسییەکان دەپشکنرێت لەڕێگای پشت راستکردنەوەی رێکارە تەندروست و باوەڕپێکراوەکان لە داواکاری پشکنین وەک (مۆری مەچەک، وێنەی ئەو کەسەی کە لکێنراوە بە نووسراوی داواکاری پشکنین و، وێنە زیادەکان و هتد).

**دووەم:** ئەو رووداوانەی کە بۆ پشکنین دەنێردرێن لە تۆماری پەیمانگا یا فەرمانگەی پزیشکی دادیدا تۆمار دەکرێن، پاشان دەست دەکرێت بە پشکنینی پێویست.

**سێیەم:** ئەو تێبینییە پزیشکیانەی کە لەکاتی پشکنیندا دەبینرێن تۆمار دەکرێن، هەروەها نموونە لە زێ یا کۆم یا کۆئەندامی زاوزێی نێر وەردەگیرێت بەپێی جۆری پشکنینی داواکراو، یا بەپێی تێبینی ئەو پیسبوون و شوێنەوارانەی کە لە دەوروبەری ئەندامی زاوزێدا هەن و پێدەچێت پەیوەندیی لەنێوان ئەوان و ئەو کردارە سێکسییەدا هەبێت کە پشکنینی بۆ دەکرێت.

**چوارەم:** ئەو راپۆرتە پزیشکی ە دادییەی کە دەربارەی رووداوە سێکسییەکان دەردەچێت، میکانیزمەکانی پشت راستکردنەوەی ناسنامەی کەسەکە، ئەو رێکارانەی کە ئەنجامدراون،تێبینییەکان، شوێنەوارەکان، ئەنجامی پشکنینی تاقیگەیی و ئاکام و ئەنجامی کۆتایی لەخۆ دەگرێت.

**ماددەی (٤٢):**

**یەکەم:** پشکنینی تاقیگەیی بریتییە لە پشکنین و شیکردنەوەی هەموو ئەو نموونە یا سەمپڵانەی کە پزیشکی پشکنەر بە پێویستی دەزانێت بۆ پشکنین یا شیکاریی تاقیگەیی، لەوانە خوێن، میز، شۆشتنی گەدە، جلو بەرگ و تەنە نامۆکان کە لە کەسانی بەرکەوتوو یا تەرمەکان دەرهێنراون.

**دووەم:** هەموو رێوشوێنێکی پێویست دەگیرێتەبەر بۆ رێگریکردن لە خراپبوون یا تێکچوونی نموونەکە یا سەمپڵەکە، ئەوەی پێویستە وشک بکرێتەوە وشک دەکرێتەوە، یا لەناو گیراوەیەکی پارێزەر یا لەناو ئەلکهولی پەتیدا هەڵدەگیرێت، بەپێی جۆری نموونە یا سەمپڵەکە یا پشکنینەکە.

**سێیەم:**

أ- ئەو جلوبەرگانەی - کە پزیشک بەپێویستی دەزانێت پشکنین و شیکاریی تاقیگەیی لە سەر بکات – بە شێوەیەکی تەواوەتی دەنێردرێت بۆ پشکنینی تاقیگەیی بەبێ برین یا پارچەکردن، تەنانەت ئەگەر شوێنی پیسبوونەکەش دیار بێت. ئەو بە شانەی کە پیس بوونە نابێت بە مەبەستی نیشانەکردنیان بە بۆیاخ نیشانە بکرێن و، دەتوانرێت پارچە کاغەزێک یان قوماشێک بە شوێنی پیسبوونەکە یا لە بەرامبەریدا هەڵبواسرێت و، ئەو خاڵانەی کە پێویستە بۆ پشکنەری تاقیگەیی روونبکرێنەوە لەسەری بنووسرێن.

ب- جل و بەرگ لە شوێنێکی کراوە وشک دەکرێتەوە بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامرازێک وەک ئاگر یا وشککەرەوەی ئۆتۆماتیکی و، هەروەها لە شوێنێکی سەلامەتدا دەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی لە دەستکاریکردن و تێکدان پارێزراو بێت.

**چوارەم:**
أ- ئەو نموونە یا سەمپڵانەی کە دەنێردرێن بۆ شیکاریی تاقیگەیی دەبێت بە توندوتۆڵی رووپۆش بکرێن و بە مۆم و مۆری فەرمی مۆر بکرێن، بە جۆرێک کە رێگری بکات لە دەست لێدان یان دەستکاریکردنی سەمپڵ یا نموونەکە و، ئەمەش دەبێت بە وردیی لە نامەی ناردنەکەدا ئاماژەی پێبدرێت.
ب- لەیبلێکی بینراو دەلکێندرێ بەسەر پاکەتی ئەو نموونە یا سەمپڵانەی کە بۆ پشکنینی تاقیگەیی نێردراون، کە ناونیشانی ئەو تاقیگەیەی کە بۆی نێردراوە، جۆری نموونەکە، لایەنی لێکۆڵینەوە، ژمارە و رێکەوتی داواکارییەکە و، ژمارە و رێکەوتی نووسراوی داواکاری پشکنینی تاقیگەیی لەخۆ دەگرێت.

**پێنجەم:** نموونە یا سەمپڵەکان هاوپێچ دەکرێن بە نووسراوێک کە – بەدەر لەوانەی لە برگەی سێیەمی ئەم مادەیەدا هاتووە - سەرچاوەی نموونە یا سەمپڵەکان، جۆری ئەو پشکنینەی کە داواکراوە، سروشتی مادەی پارێزەر و پوختەیەکی هەلومەرجی رووداوەکەی تێدابێت لەگەڵ ئاماژەدان بە ژمارە و رێکەوتی نووسراوی لایەنی لێکۆڵینەوە یا دادوەریی پەیوەندیدار.

**شەشەم:** نموونە تاقیگەییە کان لەلایەن پزیشکی پشکنەرەوە راستەوخۆ دەنێردرێن بۆ تاقیگە تایبەتمەندەکان، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی ئەو لایەنی لێکۆڵینەوە کە داوای پشکنینی کردووە.

**مادەی (٤٣):**

**یەکەم:** نموونەکانی پشکنینی بەکتریۆلۆجی لەسەر سلایدی شووشە دەنێردرێت بۆ پشکنینی میکرۆبەکان و پاشماوەی کەرەستەی خۆراک بۆ دڵنیابوون لە بوونی میکرۆب کە دەبنە هۆی ژەهراویبوونی خۆراکی و، هەروەها نموونەکانی خوێن بۆ ئەنجامدانی کاردانەوەی سفلیس و میز بۆ سەلماندنی دووگیانی.

**دووەم:** نموونە هەناوییەکان دەبڕدرێن و لەناو بوتڵێک یا چەند بوتڵێکی خاوەن دەرچەی بەربڵاودا هەڵدەگیرێن - لەژێر چاودێریی پزیشکدا بۆ ناردنی بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پاتۆلۆجي – کە پڕ دەکرێت بە برێکی گونجاو لە گیراوەی فۆرمالینی شلکراو بە رێژەی ١٠٪ لە (بەشێکیش لەناو گیراوەی فۆرمالینی خەست بە رێژەی ٤٠٪ لەگەڵ سێ بەش ئاوی دڵۆپێنراو).

**سێیەم:**
أ - نموونەی هەناو بۆ پشکنینی ژەهرەکان - کە بۆ مەبەستی پشکنینی تاقیگەیی کیمیاویی وەرگیراوە دەخرێنە ناو بوتڵێکی شووشەیی خاوێن و لەناو برێکی پێویست لە ئەلکهولی پەتیدا هەڵدەگیرێن.
ب - نموونەیەک لەو ئەلکهولەی کە بۆ پاراستنی هەناو بەکارهاتووە وەردەگیرێت و دەخرێتە ناو بۆری تاقیکردنەوە و لەگەڵ نموونەی هەناو دەنێردرێت بۆ پشکنین بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لەوەی کە مادە پارێزەرەکە هیچ مادەیەکی ژەهراویی تێدا نەبووە.
ج - نابێت ئەلکهول بە کاربهێنرێت بۆ هەڵگرتنی نموونە کان لە رووداوە کانی گومانی ژەهراویبوون بە فۆسفۆر، مادە هۆشبەرە بەهەڵمبووەکان و مادە هایدرۆکاربۆنییەکان و، لەبری ئەوە گیراوەی خوێی فیزیۆلۆژی بەکاردێت.
د - وێنەیەکی ئەو شتانەی کە لە توێکاریدا دەبینرێن و ئەو زانیاریانەی کە لە داواکاری توێکاریدا هاتوون، لەگەڵ داواکاری پشکنینی ژەهراویبوون هاوپێچ دەکرێن.
ه - وێنەیەک لە راپۆرتی پشکنینی ژەهراویبوون لەگەڵ راپۆرتی پزیشکی توێکاریی هاوپێچ دەکرێت.

**ماددەی (٤٤):**

ئەگەر ئەو پیسبوونەی کە پێویستە لە تاقیگەدا پشکنینی بۆ بکرێت - بە مەبەستی پشکنینی کیمیاویی - لەسەر دیوار یا شتێکی نەگوازراوە بێت یا بە هەر هۆکارێکی تر نەتوانرا نموونەکەی وەربگیرێت یا بگوازرێتەوە، ئەوا پیسبوونەکە دەگوازرێتەوە بە دانانی پارچەیەک لە گۆزی تەڕکراو بە ئاوی دڵۆپێنراو لەسەر شوێنی پیسبوونەکە بۆ ماوەیەکی پێویست بۆ دڵنیابوون لەوەی کە شوێنەواری پیسبوونەکە دەگوازرێتەوە بۆ سەر گۆزەکە وبە روونی تێیدا دەردەکەوێت. پاشان وشک دەکرێتەوە و بە پێچراویی و مۆرکراویی رەوانە دەکرێت لەگەڵ نموونەیەک لەو گۆزە و ئاوە دڵۆپێنراوەی کە بەکارهاتووە و، لەگەڵ نووسراوێکدا کە هاوپێچ دەکرێت و داوای پشکنین دەکات، بە مەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ کارلێککردنێکی هاوشێوە کە لەوانەیە لەڕووی تاقیگەییەوە لەسەریان دەربکەوێت.

**ماددەی (٤٥):**

**یەکەم:** پزیشک دەتوانێت هاویشتراوەکان و قەوانەکان و کەلوپەلە نامۆکانی تر کە لە کاتی پشکنین یا توێکاریدا دەستی بەسەردا دەگیرێت لەگەڵ راپۆرتی پزیشکیدا بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو لایەنەی کە داوای پشکنینی کردووە و، پێش پێچانەوە و مۆرکردنی هەر پارچەیەک بە بڕێکی گونجاو لە لۆکەی نەرم دایدەپۆشێت.

**دووەم:** پزیشک دەتوانێت هاویشتراوەکان و قەوانەکان و تەنە نامۆکانی تر کە لە جەستەی بەرکەوتوو یان تەرمەکەدا دەرهێنراون راستەوخۆ بینێرێت بۆ لایەنی تەکنیکی تایبەتمەند بۆ پشکنین و ، هەروەها بۆ زانینی وەسفەکانیان لەوانەش جۆری گوللەکان یان قەوانەکان و عەیارەکەیان و ، لەسەریەتی لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە و ، لە راپۆرتی پزیشکی دادی تایبەت بە رووداوە پزیشکی ەکاندا ئاماژە بە ئەنجامی پشکنینی تەکنیکی لەسەر ئەو تەنە نامۆیانە بکات کە دەرهێنراون.

**سێیەم:** پزیشکی دادی و یاریدەدەرەکانی دەبێ سوور بن لەسەر پاراستنی تەنی نامۆی دەرهێنراو، جا چ هاویشتراوی ئاگرین یان ئەوانی تر بوو بێت و ، هەروەها رێگری بکەن لە روودانی هەر جۆرە رووشاندن یا شێواندنێک لەسەریان و، ئەگەر شتێکی لەو شێوەیە بە ئەنقەست یا بەهۆی کەمتەرخەمی یان لە ئەنجامی رووداوێکی لاوەکیدا روو یدا ، ئەوا دەبێ ئەمە لە نووسراوی داوای پشکنینی تەکنیکیدا تۆمار بکەن بۆ ئەوەی پسپۆڕی پشکنین پێش ئەنجامدانی پشکنینەکە لەو بابەتە ئاگادار بێت.

**ماددەی (٤٦):**

پزیشک لە دامەزراوە تەندروستییە گشتی و تایبەتەکاندا هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ بەرکەوتووەکە بەبێ ئەوەی داوای پشکنین لە لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بکات، هەروەها دەستبەجێ لایەنی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ئاگادار دەکاتەوە بۆ گرتنەبەری ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت، لەگەڵ ناردنی راپۆرتی پزیشکی سەرەتایی، و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە روونکەرەوانەی کە پەیوەندییان بە سروشتی بەرکەوتنەکە و ئاستی مەترسییەکەی و ئامێرە بەکارهاتووەکان لەو بەرکەوتنانەی کە گومان دەکرێ پەیوەندییان بە رووداوێکی تاوانکارییەوە هەبێت لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

**یەکەم:** بەرکەوتنی بریناویی جا چ ئاگرین بێت یان بڕندە یا کوتران یان کوترانە بڕین.

**دووەم:** بەرکەوتنی سووتاویی جا چ ئاگرین بێت یان کوڵاویی یا کیمیاویی یان کارەبایی یان شتی تر.

**سێیەم:** رووداوەکانی خنکان یان خنکان لە ئاو.

**چوارەم:** رووداوەکانی ژەهراویبوون و ئەلکهول و مادە هۆشبەرەکان.

**پێنجەم:** رووداوە ئاساییەکانی نەشتەرگەریی کە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری یەکەمدا بە مردنێکی چاوەڕوانەکراو کۆتایی دێت و، ئەگەری زۆرە کە بێهۆشکەر یا نەشتەرگەر پەیوەندییان بە هۆکاری مردنەکەوە هەبێت.

**شەشەم:** ئەو رووداوانەی مردن کە پزیشکی چارەسەرکەر ناتوانێ هۆکاری مردنەکە دەستنیشان بکات.

**حەوتەم:** ئەو رووداوانەی کە لە پەیمانگاکانی پاتۆلۆجی یان دامەزراوە تەندروستییە گشتیەکان یان تایبەتیەکان بۆ مەبەستێکی زانستی توێکاریی دەکرێن و، لە کاتی توێکاریی تەرکەمەدا نیشانەی گومانلێکراو دەدۆزرێتەوە کە خاوەن سەرچاوەیەکی ناسروشتین و پەیوەندییان بەو هۆکارانەوە نییە کە تەرمەکە لەپێناویدا توێکاریی کراوە.

**هەشتەم:** رووداوە سێکسییەکان جا چ زینا بێت یان دەستدرێژیی بێت یا نێربازی.

**نۆیەم:** دووگیانبوونی نایاسایی یان لەباربردن یان لەبارچوون یان خوێنبەربوونی منداڵدان و ئەوانی تر کە لەسەر ئەندامی زاوزێدا دەبینرێن، کە لەوانەیە بە کردار یا هۆکاری ناسروشتییەوە سەریانهەڵدابێت.

**دەیەم:** - تەوژمی کارەبایی.

**ماددەی (٤٧):**

**یەکەم:** پەیمانگا فۆرمەکانی پەیوەست بە رووداوەکانی پزیشکی دادی و راپۆرتە پزیشکیەکانیان دەردەکات و بە شێوازی خولەکی پێداچوونەوەیان بۆ دەکات.

**دووەم:** لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکان یان نووسینی راپۆرتە پزیشکیەکان، پزیشک پابەندە بەمانەی خوارەوە:

أ - پڕکردنەوەی هەموو خانەکانی فۆرم یا راپۆرتی پزیشکی.

ب - پەیڕەوکردنی ئەو رێنمایی و راسپاردانەی کە لە فۆرم یا راپۆرتی پزیشکیدا چەسپاون، ئەگەر هەبوون.

ج - وەسفێکی وردی هەموو زیانە جەستەییە رواڵەتییەکان لەگەڵ قەبارە و شوێنەکانیان، هەریەکەیان بە جیا و، لەگەڵ ئاماژەدان بە قووڵایی هەریەکەیان.

د - شوێنی زیانەکان لە رووداوە توێکارییەکان لە هێڵکاریی پێشەوە و پشتەوەی جەستەی مرۆڤدا تۆمار دەکرێن کە لەگەڵ راپۆرتی پزیشکی توێکارییدا هاوپێچکراوە.

ه - بەپێی توانا دیاریکردنی ئەو ئامێرەی کە بووەتە هۆکاری زیانەکان و، ئاماژەدان بە هۆکاری راستەوخۆی مردنەکە و، لە حاڵەتی پەتای نەخۆشی تێکەڵاو (اختلاطية) یا ناتێکەڵاو (غير اختلاطية) پەیوەندییەکەی بە هۆکاری مردنەکەوە دیاری بکرێت.

و - ئەگەر جۆرەکانی بەرکەوتنی جەستەیی زۆر بن (بۆ نموونە ئاگر و بڕین)، ئەوا دەبێ ئاماژە بەوە بدرێت کە ئایا ئەگەری مردن هەیە بەهۆی ئەو تێکدانەی کە لەڕێگای یەک جۆری بەرکەوتنەوە دروست بووە.

ز - نابێ وشەیەک یا رستەیەک لە راپۆرتەکەدا هەڵبکرێندرێت یا بگۆڕدرێت بەبێ واژۆی پزیشکی رێکخەر لە شوێنی گۆڕانکارییەکە.

ح - تێبینییەکانی پزیشکی پشکنەر لە شوێنێکی گونجاو لەسەر فۆرمی پزیشکی دادی تۆمار دەکرێت وێڕای تۆمارکردنی ئەنجامی پشکنینی تاقیگەیی.

ط - پابەندبوون بە نووسینی راپۆرتەکان و پڕکردنەوەی فۆرمە پزیشکیەکان بە زاراوەی پزیشکی و بە زمانی کوردی یان عەرەبی، بەکەڵکوەرگرتن لە هەر دوو هێڵکاریی پێشەوە و پشتەوەی جەستەی مرۆڤ کە هاوپێچ کراوە بە فۆرمی راپۆرتی پزیشکی دادی.

**بەشی پێنجەم**

**تانەدان لە راپۆرتە پزیشکیەکان**

**ماددەی (٤٨):**

راپۆرتی پزیشکی دادی - جا چ لەلایەن پزیشکی دادی یا لیژنەی پزیشکی دادییەوە دەرچووبێت- ملکەچە بۆ تانەلێدان بەشێوەی ناڕەزایەتی لەبەردەم لیژنەی ناڕەزایەتییەکان کە لەلایەن ئەنجومەنی پەیمانگاوە پێکهێنراوە بەپێی ماددەی (هەشتەم/بڕگە سێیەم) لە یاسای پزیشکی دادی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١.

**ماددەی (٤٩):**

**یەکەم:** دادگا یان داواکاری گشتی بۆی هەیە بە هەر هۆکارێک کە بەگونجاوی بزانێت ناڕەزایەتی دەرببڕێت بەرامبەر بە راپۆرتی پزیشکی دادی لەڕێگەی نووسراوێکی فەرمی کە ئاراستەی پەیمانگا یافەرمانگەی پزیشکی دادی دەکات لەپارێزگا کەتێیدا هۆکاری ناڕەزایەتییەکە دەخاتەڕوو

**دووەم:** کەسانی پەیوەندییدار بە راپۆرتی پزیشکی دادی بە رەزامەندیی دادگا مافی ناڕەزاییان هەیە، کە بە گەڵاڵەنامەکی (لائحة) نووسراو کە هۆکارەکانی ناڕەزایەتییەکە لەخۆ دەگرێت پێشکەشی دادگای تایبەتمەندی دەکەن و، دەنێردرێت بۆ پەیمانگا یا فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا، لەگەڵ رەزامەندیی دادوەری لێکۆڵینەوە یا دادگای تایبەتمەند.

**ماددەی (٥٠):**

**یەکەم:** ئەو ناڕەزایەتیانەی کە سەبارەت بە راپۆرتی پزیشکی دادی وەرگیراون، هەر لەگەڵ گەیشتنی، هاوپێچ بە دۆسیەی ئەو رووداوە پزیشکیەی کە راپۆرتی ناڕەزایەتی لەسەر دەربارەی دەرچووە، رەوانەی لیژنەی ناڕەزایەتییەکان دەکرێت کە بەپێی یاسا پێکهاتووە.

**دووەم:** ناڕەزایەتییەکە لە تۆماری لیژنەی ناڕەزایەتیەکان تۆمار دەکرێت و، لیژنەکەش کۆدەبێتەوە بۆ سەیرکردنی لە ماوەیەک کە نابێ لە (٦٠) رۆژ زیاتر بێت لە رێکەوتی تۆمارکردنی ناڕەزایەتیەکە لەلایان.

**سێیەم:** لیژنەی نارەزایەتییەکان بڕیاری خۆی سەبارەت بە نارەزایەتییەکە دەردەکات لە ماوەیەک کە نابێ لە دوو هەفتە زیاتربێت لە ڕێکەوتی کۆبوونەوەی بۆ سەیرکردنی نارەزایەتییەکە و، دادگای تایبەتمەند یا لایەنی نارەزایی ئاگادار دەکاتەوە.

**چوارەم:** بڕیاری لیژنەی نارەزایەتیەکان تەنیا لە روانگەی پزیشکی دادییەوە بنبڕە.

**ماددەی (٥١):**

ئەو راپۆرتە پزیشکیانەی کە لەلایەن پزیشکانی دیکە، جگە لە پزیشکی دادی لەسەر داوای دەسەڵاتی دادوەری یان لایەنی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار ڕێکدەخرێن، ملکەچن بۆ نارەزایەتی دادگا یان داواکاری گشتی یان کەسانی پەیوەندیدار لەبەردەم ئەو دامەزراوە تەندروستییانەی کە پزیشکی ڕێکخەری راپۆرتە پزیشکی ەکە سەر بەوانە.

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (٥٢):**

**یەکەم:** نابێ پێشنیار بکرێت بە رەوانەکردنی هیچ رووداوێکی پزیشکی لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر، جگە لە حاڵەتی پێویست یان بۆ مەبەستی تەکنیکی، پزیشکی یان ئاسایشی نەبێت و بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

١- بڕیاری رەوانەکردنی رووداوە پزیشکی ە دادییەکە بۆ پارێزگارییەکی تر لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندەوە دەربچێت.

٢- ئەو دادگای تاوانەی کە دادوەری لێکۆڵینەوە سەر بەوانە، بە رەوانەکردنەکە رازی بێت.

**دووەم:** بەڕێوەبەری پەیمانگا یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا بە نوسراو پێشنیارێک دەخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ رەوانەکردنی رووداوە پزیشکی ەکە بۆ پارێزگایەکی تر، کە تێیدا هۆکاری رەوانەکردنەکە دەخاتەڕوو لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (٤٨) کاتژمێر لەگەیشتنی رووداوی پزیشکی دادی بۆ لای ئەوان و، دادوەری لێکۆڵینەوە بۆی هەیە داوای رەوانەکردنەکە قبوڵ بکات یان رەتی بکاتەوە.

**سێیەم:** ئەگەر دادوەری لێکۆڵینەوە پێشنیاری رەوانەکردنی رووداوە پزیشکی ەکە بۆ پارێزگایەکی تر رەت بکاتەوە، ئەوا پێویستە پەیمانگا یان فەرمانگەی پزیشکی دادی تایبەتمەند ڕێکارەکانی پشکنین و ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی پزیشکی دادی داواکراو تەواو بکات.

**چوارەم:** پەیمانگا یان فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە جێبەجێ دەکات بۆ رەوانەکردنی رووداوە پزیشکیەکە بۆ پارێزگایەکی تر هەرکاتێک دادگای تاوان پەسەندی کرد، تەنانەت ئەگەر هیچ پێشنیارێکیشی لەو بارەیەوە نەکردبێت.

**ماددەی (٥٣)**

**یەکەم:-** پزیشکی دادی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی دەتوانێت داوای هاوکاری لە کە سانی پسپۆڕ و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات و، دەبێ لە راپۆرتی کۆتایی پزیشکی دادییدا ئاماژە بەمە بکات.

**دووەم:-** بەڕێوبەری پەیمانگا دەتوانێت داوای هاوکاری لە پزیشکی پسپۆڕ یان هەر لایەنێکی تایبەتمەند بکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە دیاریکراوەکان یان پێشکەشکردنی شارەزایی تەکنیکی یان پزیشکی دیاریکراو.

**ماددەی (٥٤):**

راپۆرتی پزیشکی دادی پێویستە نهێنی بێت و، دەبێت هەموو رێوشوێن و رێگایەک بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی ئەم نهێنییە.

**ماددەی (٥٥):**

**یەکەم:** نابێ هیچ پزیشکێکی دادی یان هەر تەکنیککارێکی تر لە پزیشکی دادی، پشکنین بکات یان بەشداری بکات لە لیژنەی پشکنین یان بڕیارێک دەربکات یان بەشداری بکات لە دەرکردنی بڕیارێک سەبارەت بە هەر رووداوێکی پزیشکی دادی لە داوایەک - کە یەکێک لە خزمەکانی خۆی تێدا بێت هەتا پلەی چوارەم یان ئەو کەسانەی کە پەیوەندییەکی نزیکیان بەوەوە هەیە – کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە وەک هەواڵدەر یان دادخواز یان تۆمەتبار یان داواکاری مەدەنی یان بەرپرسی مەدەنی.

**دووەم:** پزیشکی دادی بۆی نیە توێکاریی تەرمی کەسێک بکات کە لەژێر چارەسەری ئەودا بووە و حاڵەتەکەی بە مردن کۆتایی هاتووە.

**سێیەم:** ئەگەر هەر پزیشکێکی دادی یان هەر تەکنیککارێکی تر لە پزیشکی دادی هۆکارێک لە هۆکارەکانی ناکۆکی بەرژەوەندیی بۆ دروست بوو سەبارەت بەو رووداوە پزیشکی ەی کە رۆڵی تێدا دەبینێت، ئەوا دەبێت واز لە تەواوکردنی پشکنینەکە بهێنێت و بەڕێوەبەری پەیمانگا یا بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاو دەربکات بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکە.

**چوارەم:** ئەو پزیشکیە دادییەی کە لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، دەستبەجێ بەڕێوەبەری پەیمانگا یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی پزیشکی دادی لە پارێزگا ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەوەی پزیشکێکی دادی تر رابسپێردرێت.

**پێنجەم:** هەر رێکارێک کە بەپێی حوکمەکانی ئەم مادەیە ئەنجام بدرێت، لە راپۆرتی کۆتایی پزیشکی دادی رووداوە دادییەکەدا دەچەسپێت، کە رێکارەکە بە هۆیەوە گیراوەتەبەر.

**ماددەی (٥٦):**

ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە و دوای (٣٠) سی رۆژ لەرێکەوتی بڵاوکردنەوەکەی جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١١٧٢٤ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەیاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٥٦٧٥ لە ٢٠٢٢/٧/٢٥ و ماددەی (١٥) لە ڕێنمایی دیاریکردنی شێواز و قەبارەو ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢. بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**دیاریکردنی شێواز و قەبارەو ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبیلی**
**(دیپلۆماسی و نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوور) لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانەیە کە بەرامبەریان دیاریکراوە:

١- **تابلۆی ئۆتۆمبیل:** تابلۆیەکە لە کانزای ئەلەمنیۆم دروست کراوە بە ماددەیەکی پلاستیکی ڕەونەقدار رووپۆش کراوە بە قەبارەو شوێنی دیاریکراو لە پێشەوە و دواوەی ئۆتۆمبیل جێگیر دەکرێت.

٢- **(IRQ)** : کورتکراوەی عێراق (IRAQ).

٣- **(KR)**: کورتکراوەی هەرێمی کوردستان (Kurdistan Region).

٤- **(CD)**: کورتکراوەی دەستەی دیپلۆماسی (Corps Diplomatique)

٥- **(UN)**: کورتکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations).

٦- **(RC)**: کورتکراوەی خاچی سوور (Red Cross).

٧- **کۆد:** کۆدێکی دوو ژمارەییە تەرخاندەکرێت بۆ هەر وڵاتێک و ئاژانسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لەدەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی خەسڵەتەکانی دابینکردنی تابلۆی ئۆتۆمبیل بۆ نێردە دبلۆماسی و کونسوڵگەرییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سووری نێودەوڵەتی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم تەرخان دەکرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بەپێی ستا نداردە نێودەوڵەتی و عێراقییە کان بە ڕە چاوکردنی تایبەتمە ندی هەرێمی کوردستان-عێراق چاپدەکرێت.

## شێواز و نووسین و ڕەنگەکانی تابلۆی ئۆتۆمبیل

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** کۆدی تابلۆی ئۆتۆمبیلی (CD) و (UN) و (RC) بۆ نا سینەوەیان و بەم شێوەیە لە سەر تابلۆی ئۆتۆمبیل چاپ دەکرێت:

١-کۆدی تایبەت بە (CD).

٢- کۆدی تایبەت بە (UN).

٢- تابلۆی ئۆتۆمبیلی (RC) بێ کۆد دەبێت.

**دووەم:** تابلۆی ئۆتۆمبیل (کورت) بە دوورییەکانی (٣٢٠ × ١٦٠ ملم) دەبێت کە لە پا شکۆی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**سێیەم:** ئەستووری تابلۆی ئۆتۆمبیل (١ ملم) دەبێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم: تابلۆی ئۆتۆمبیل (کورت) ئەم هێماو ژمارانەی خوارەوەی لەسەر دەنووسرێت و چاپ دەکرێت:**

١- هێمای (IRQ) لە سەرەوەی چەپی تابلۆکە بە شێوەی ستوونی چاپ دەکرێت.

٢- هێمای (KR) لە خوارەوەی چەپی تابلۆکە لە ژێر هێمای (IRQ) بەشێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٣- ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە شێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٥- هێماکانی (CD و UN و RC) و کۆدی (CD و UN) لەناوەڕا ستی سەرەوەی لای را ست بە شێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٦-ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبیل لەژێر هێماو کۆدەکانی بڕگە (٥)ی ئەم ماددەیە چاپدەکرێت بەشێوەی ئاسۆیی.

٧- کۆدی (CD و UN) لە تەنیشتی لای راستی (CD و UN) بەشێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٨- هیلۆگرامێکی سکیوریتی لە نێوان هێمای (CD و UN) و کۆدی (CD و UN) و لەریزی لای راستی (RC) جێگیر دەکرێت.

٩- تابلۆی ئۆتۆمبیل بەپیت و ژمارەی زمانی ئینگلیزی دەنووسرێت.

**دووەم:** تابلۆی ئۆتۆمبێل بەبێ هەبوونی هیچ هێلێکی جیاکەرەوە لە نێوان پیت و هێماو کۆد و ژمارەکان چاپ دەکرێت جگە لە هێلێکی ستوونی لەلای چەپی تابلۆکە کە هێمای (IRQ و KR) لە ژمارەو هێماو پیت و کۆدەکان جیادەکاتەوە.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** ڕەنگی تابلۆی ئۆتۆمبیل (باکگراوند) بەڕەنگی (سپی) بۆ هەرسێ جۆرەکانی (CD و UN و RC) چاپ دەکرێت.

**دووەم:** رەنگی نووسینی پیت و ژمارەکان و هێلی ستوونی و هێلی چوارچێوەی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە رەنگی (سوور) دەبێت بۆ هەردوو جۆری (CD و RC).

**سێیەم:** رەنگی نووسینی پیت و ژمارەکان و هێلی ستوونی و هێلی چوارچێوەی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە رەنگی (شینی ئاسمانی) دەبێت بۆ جۆری (UN).

**ئەحکامە کۆتاییەکان**

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ کاری پێویست ئەنجامدەدات بە جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی گۆڕینی ژمارەی تابلۆکان لە شێوازی کۆن بۆ شێوازی نوێ بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** دیزاینی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە هەرسێ جۆری CD و UN و RC بەپێی پاشکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە دەبێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** کار بەهیچ ڕێنمایی و بەیان و بڕیار و نووسراوێک ناکرێت دوای کەوتنەبەرکاری ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١١٧٦٧ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

پاڵپشـــت بەو دەســـەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســـای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســـاڵی ٢٠٠٩ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

زیادکردنی خاڵی (٣و٤) بۆ بڕگەی (سێیەم) لەماددەی( سێیەم )بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- کۆمپانیاکانی **(هاوردەکردن و گواســتنەوە و فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل)** و پێشــانگاکانی فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و کۆدی گرێبەستی ئەلیکترۆنی بکەن بە پێشـــکەش کردنی داواکـاریەک بۆ وەزارەتی نـاوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان .

٤- کۆمپانیا یان پێشـانگا دەتوانێت لق بکاتەوە لە هەمان پارێزگا بە کۆدی جیاواز بۆ ئەم مەبەسـتەش ڕسوماتی ئەو چالاکیەی لێوەردەگیرێت کە بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی دەیەم (بڕگەکانی یەکەم / رسومات) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتی ناوخۆ دیاری کراوە .

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنەوەی بڕگە (٢) لە ماددەی **(چوارەم)** بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

پێویســتە گشــت کۆمپانیاکان و پێشــانگاکان لەکاتی فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل گرێبەســتی ســتانداردی فرۆشـــتنی ئۆتۆمبێل کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێک دەخرێت بەزمانی کوردی و عەرەبی بەکار بهێنێت بۆئۆتۆمبێلی کاتی یان تۆمارکراو بەومەرجەی گرێبەستەکە لەناو بارەگای کۆمپانیاو پێشانگاکان بەئامادەبوونی کڕیار و فرۆشیار ئەنجام بدرێت ,بە پێچەوانەوە بەسەرپێچی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی بڕگە (٤) لە ماددەی **(شەشەم)** بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

پێویسـتە کۆمپانیا یان پێشـانگای فرۆشـتنی ئۆتۆمبێل ژوورێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی (گرێبەسـتی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و ئەرشیفی ئۆتۆمبێلە فرۆشراوەکان ئامادە بکات کە تیایدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک فایلێک ڕێک بخات کە ئەم بەڵگەنامانە لەخۆ بگرێت :

أ . وێنەیەک لە گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل .

ب. وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لە منافێسـت و گشـت بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی فرۆشـراو بۆ یەکەم جار یان ئۆتۆمبێلی پێشتر تۆمارکراو و فرۆشراوە لە لایەن کۆمپانیا یان پێشانگا .

**ماددەی (٤):**

هەموار کردنەوەی ماددەی نۆیەم لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی چوارەم لە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (١) ساڵ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆماری بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا ، ئەم ماددەیە تەنها ئۆتۆمبێلی تایبەت دەگرێتەوە .

**ماددەی (٥):**

زیادکردنی خاڵی(٥و٦و٧) بۆ برگەی(**دووەم/ پێبژاردنەکان**) لەماددەی(**دەیەم**)و بەم شێوەیەی خوارەوە

٥- بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی کۆدی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆماوەی (١٠) ڕۆژ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری یەکەم .

٦- بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی کۆدی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆماوەی (٢٠) ڕۆژ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لەدەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری دووەم .

٧- بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی مۆڵەتی کارکردن بۆماوەی (١) یەک ساڵ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری سێیەم .

**ماددەی (٦):**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (**چواردەیەم**) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی نۆیەم لە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەی یەکەم لە بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

١- درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەت پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت بە هەموو ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە کێشەی خاوەندارێتی و شارەوانیان هەیە تا ڕێکەوتی (٣١)ی ٢٠٢٣/١٢ پێویستە کێشەکانیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و حکومەت چارەسەر بکەن بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ هەموارکراو .

٢- گشت ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی کە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٣١ خۆیان تۆمار نەکەن دادەخرێن .

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە : ٨١٨ لە ٢٠٢٣/٥/٨**

بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و ماددەکانی (٢٤) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی سنوردارکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

**مەبەست لەم زاراوانەی هاتووە واتاکانیان بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:**

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.
٢- **دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.
٣- **ئاوی ئاوەڕۆ**: ئاوی ئاوەڕۆ بریتیە لە پاشماوەی ئاوی ماڵان و شوێنی بازرگانی و میری بە هەردوو جۆری (سوک و قورس) و پاشماوەی ئاوی پیشەسازی و کشتوکاڵی.
٤- **پاشماوەی ئاوی چارەسەرکراو**: بریتیە لە ئاوی دەرچوو لەوێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ لەدوای چارەسەرکردنی بە ڕێگایەکی زانستی بەپێی ستانداردە پێوانەییەکانی جۆری ئاوی ئاوەڕۆ چارەسەرکراوەکان بۆ مەبەستی ئاودانی کشتوکاڵی و یاخود بەکارهێنانی بۆ سیستەمی ساردکردنەوە لەکارگەکان یان بۆ شۆرین.
٥- **وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ** : بریتین لەوێستگە ناوەندییەکانی چارەسەرکردن لەشارەکانداو ، یەکەکانی چارەسەرکردنی چالاکی پیشەسازیی و نیشتەجێکردن و بازرگانی و تەندروستی و کشتوکاڵی و چالاکیەکانی دیکە.
٦- **ستانداردەکان**: بریتی یە لە ڕێژە ڕێگەپێدراوەکانی پارامیتەرەکان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجی پاشماوەی ئاوی چارەسەرکراو.
٧- **سیفاتەکان**: بریتین لەسیفەتە سروشتی و کیمیایی و زیندەییەکانی ئاوی چارەسەرکراو.
٨- **چارەسەری پێش سەرەتایی** : لەم قۆناغی چارەسەرییەدا ڕێگری دەکات لە هاتنەناوەی هەموو پاشماوە ڕەقەکان بۆ قۆناغی سەرەتایی.
٩- **چارەسەری سەرەتایی** : چارەسەری سەرەتایی قۆناغێکە تێیدا پاشماوەی ئاوەڕۆ چارەسەردەکرێت بەڕێگەی سروشتی وەک نیشتنی پاشماوە ڕەقەکان و بەسەرئاو کەوتنی چەورییەکان.
١٠- **چارەسەری دووانەیی(چارەسەری بایۆلۆجی)** : قۆناغێکە لەچارەسەر کەدەکرێت پێی بگەین لەڕێگەی چارەسەری تەواوبووی بایۆلۆجییەوە بەپرۆسەی نیشاندن و پاککردنەوە و شیکردنەوە بەجۆرێك ئاوی بەرهەم هاتوو لێی بەپێی ستاندارەکانی ئاوەڕۆ دەبێت وەك لەخشتەی ژمارە(١)دایەو ، بەکاریش دەهێنرێت بۆ ئاودانی سنووردار (ئاودانی ئەو ڕووەکانەی بەرهەمیان نیە).

١١- **چارەسەری پێشکەوتوو:** قۆناغێکە لەچارەسەر کە دەکرێت پێی بگەین لەڕێگەی چارەسەری تەواوبووی بایۆلۆجیی و کیمیایی و فیزیاییەوە بەپڕۆسەی نیشاندن و شیکردنەوەو پاککردنەوە ، یان هەر پڕۆسەیەکی دیکە ، بەجۆرێك ئاوی بەرهەمهاتوو لێی بەپێی ستانداردەکانی ئاوەڕۆ دەبێت وەك لەخشتەی ژمارە(٢)دایەو ، بەکاریش دەهێنرێت بۆ ئاودانی بێ سنوور ( بۆ ئەو سەوزە و میوانەشی ڕاستەوخۆ دەخورێن).

١٢- **چارە سەرکردنی ئەو قوڕو لیتەی ( سلەج) دەمێنێتەوە لە وێستگەکان** : چارە سەرکردنی ئەو قوڕو لیتەی (سلەج) دەمێنێتەوە لە وێستگەکان بەڕێگەیەکی زانستی تاکو دووبارە سودی لێ وەردەگیرێت وەکو پەینی ئۆرگانی بۆ زەویە کشتوکاڵیەکان و ڕووبەرە سەوزاییەکانی پڕۆژەکان.

١٣- **خاڵی وەرگرتن** : دەرچەی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆیە کەدەگاتە لایەنی سوودمەند لێی.

١٤- **کۆکردنەوەی پاشماوەی ئاوی چارەسەرکراو:** پێویستە ئاوی چارەسەرکراو لە خەزانێکی کۆنکریتی یان هەر جۆرە خەزانێکی تر کۆبکرێتەوە پاشان بەمەبەستی جۆراو جۆر بەکاربهێنرێتەوە.

**تێبینی:** ئەم قۆناغانەی سەرەوە کە باسکران هەموویان بۆ ئاوی ماڵان و شوێنە بازرگانیەکانە واتە (دۆمێستیک)ە ، بەڵام بۆ ئاوی پیشە سازی پێش ئەوەی داخلی ئەم سیستەمە بێت ، ڕێگەی دیکە هەیە وەکو دانانی سیستەمی (داف) بۆ جیاکردنەوەی پاشماوەی ڕۆن و چەوری لە پاشماوە ئاویەکان یاخود دانانی سستەمی (دی وۆتەرینگ) بۆ گرتنی هەموو پا شماوەی رەق وەکو توێکڵ و پەلکی پەتاتە و نیشاستە کە لەکارگەی چپسی پەتاتە دروست دەبن.

١٥- **ڕێگا نوێیەکانی ئاودان:** بریتییە لەو ڕێیە بەکارهاتووانەی ئاودانی کشتوکاڵ کەبەشێوەیەکی سەرەکی هەوڵ دەدات خۆ بەدوور بگرێت لەو ڕێگە کۆنانەی دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی ئاو.

١٦- **ئاودێریی ئازاد** : بریتییە لەئاودانی هەموو جۆرەکانی ڕووەك و چیمەن و فریزێک.

١٧- **ئاودێریی سنووردار:** بریتییە لەئاودانی هەموو جۆرەکانی ڕووەك جگە لەسەوزەو میوەو بەروبوومە ریشاڵییەکان و ئەو گیاو ڕووەکانەی کە بەرهەمەکانیان بەر ئاوە چارەسەرکراوەکە دەکەوێت ، جا ئەگەر بەکاڵیی یان بەکوڵاوی یان بەڕێگەیەکی دیکە بخورێن.

١٨- **تۆڕی دابەشکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاودێریی** : بۆڕی یان کەناڵی دابەشکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکانە بۆ ئاودێریی کشتوکاڵیی یاخود بۆ سیستەی سارکردنەوە یان شۆرین.

١٩- **چێنراوەکانی شارەوانی:** بریتین لە دار و درەخت و شوێنی سەوزایی کە لەشەقام و باخچە و شوێنی کات بەسەربردن و ڕێگا سەرەکییەکان دەچێنرێن.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

**یەکەم:** قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئاوی ئاوەڕۆ بۆ هەر مەبەستێك بەبێ چارەسەرکردنی.

**دووەم:** دانانی ستاندارد بۆ بەدیهێنانی ئاستێکی سەلامەت لەدووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆ.

**سێیەم:** پاراستنی تەندروستی لەکاریگەرە زیانبەخشەکانی پیسبوون بە ئاوی ئاوەڕۆکان.

**چوارەم:** ئەوپەڕی سوود وەرگرتن لەئاوی چارەسەرکراو وەك یەکێك لەسەرچاوە نوێیەکانی ئاو.

**پێنجەم**: چاودێرییکردنی وێستگەکانی چارە سەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆو جۆری ئاوی چارە سەرکراوی بەرهەم هاتوو لێی.

**شـەشـەم**: زامنکردنی بەڕێوەبردنێکی ڕا ست و درو ستی ئاوو ، چارە سەرکردنی کەمئاویی و کەمکردنەوەی بەفیرۆدانی.

**ماددەی (٣)**

دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوە ڕەچاو بکرێن لەکاتی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێریی کشتوکاڵ:

**یەکەم**: ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەو شێوەیەی کە زامنی تەندرو ستی گشتی بکات بەمەبە ستی دیارکردنی بڕی ئاوی چارەسەرکراوی بەکارهێنراو .

**دووەم**: رەزامەندی وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو بۆ دیارکردنی جۆری چێنراوەکان و ڕێگە نوێیەکانی ئاودێریی و ئەو بەروبوومانەی کە دەویسـترێت لەداهاتوودا بچێنرێن لەنێو ئەو باخانەی کە سـوود لە ئاوی چارەسـەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێریی کشـتو کاڵ وەردەگرن لەڕێگەی تۆڕی دابەشکردن و ، هەروەها وەرگرتنی ڕەزامەندیی لایەنەکانی دیکەش کە بەپێی یاسا دیار کراون بەو جۆرەی زامنی بەدیهێنانی ئاستێکی سەلامەت بکات لەبەکارهێنانی ئەو ئاوەدا.

**سـێیەم** : پێویستە ئاوی چارەسـەرکراوی ئاوەڕۆ کە بۆ ئاودێریی کشـتوکاڵ بەکاردەهێنرێت وەك یەك بێت لەگەڵ ئەو سـتاندارده پێوانەییانەی کە لەهەردوو خشـتەی (١) و (٢)ی پاشـکۆی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون.

**چوارەم**: دە ستەی پارا ستن و چاککردنی ژینگە هەڵدە سێت بە ئەنجامدانی شیکارییەکان بۆ تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییە کانی گڵ و خاکی ئەو کێڵگا نەی کە سـوودمە ند دەبن لە بە کارهێنانی ئاوی چارە سەرکراوی ئاوەڕۆ ، لەتاقیگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو یان دە ستەی ژینگە یان یەکێك لەو تاقیگانەی پشـتیان پێدەبەسـتێت ، ئەوەش بۆ چاودێریی و هەڵسـەنگاندنی ئاسەوارەکانی بەکارهێنانی ئەم ئاوە لەسەر خاك.

**پێنجەم**: گەیاندن و بەسـتنەوەی بۆڕییەکانی ئاوی چارەسـەرکراوی ئاوەڕۆ بە بۆڕییەکانی تۆڕی بیرەکانەوە قەدەغەیە لەنێو کێڵگەکاندا.

**شەشەم**: کردنەوەی خاڵی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ کێڵگەکان قەدەغەیە تەنها لەڕێی ئەو کەسانەی کە جێگەی متمانەن لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە.

**حەوتەم**: لەسـەر کەس و لایەنی سـوودمەند لەئاوی چارەسـەرکراوی ئاوەڕۆ پێویسـتە ئەو ڕێکارانە بگرێتە بەر بۆ ڕێگرتن لەدروستبوونی زۆنگاوو ، ڕێگرتنیش لەزۆربوونی مێش و مێشوولەو و زیندەوەرەکانی دیکـە بە دروسـتکردنی حەوزێکی کۆنکریتی سـەر داپۆشـراو یـان لە هەر جۆرە خەزانێکی تر کۆبکرێتەوە پاشان بەمەبەستی جۆراو جۆر بەکاربهێنرێتەوە.

**هەشتەم:** پێویستە لەهەر سیستەمێکی ئاودێریی و گشت ئەو تۆڕانەی کە ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بەکاردەهێنن و دەیگوازنەوە ، تابلۆی جێگیر لەو شوێنانەدا دابنێن کەلایەنی پەیوەندیدار بۆیان دیار دەکات و لەسەریان نووسرابێت : ئاگاداریی: ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ تەنها بۆ ئاودانی کشتوکاڵی و سیستمی سارکردنەوەی کارگەکان و شوشتنە.

**نۆیەم:** پێویستە ئەو کێڵگە کشتوکاڵییانەی کە بە ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ ئاو دەدرێن جیا کرابنەوە لەبیرو کۆگاکانی ئاوی خواردنەوەی گشتی بەدوورییەك کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دیاری دەکات بەپێی سروشتی خاکەکە.

**دەیەم:** نابێت ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بەکاربهێنرێت بۆ زیادکردنی ئاوی ژێر زەوی بەکارهێنراو بۆ خواردنەوە (بەلام ئەگەر سیستەمەکە بەهەموو قۆناغەکاندا بڕوات واتە پێشکەوتوو (Advance) ئاوەکە زۆر سەلامەتە بگرە لەکوالیتی ئاوی رووبارەکان زۆر بەرزترە کە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ئاوی خواردنەوە پاش چارەسەرکردن).

**یازدەیەم:** تێکەڵکردنی ئاوی چارەسەرکراو لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی وەک رووبارو و چەمەکان بەپێی ستانداردە رێگەپێدراوەکان دەبێت.

**دوازدەیەم:** وەرگرتنی گشت رێکارە پێویستەکان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ لەڕێگەی بەکارهێنانی پێداویستییەکانی تەندرو ستی و سەلامەتی پیشەیی وەك پێلاوی لا ستیك و دەستکێش و ئەوانی دیکە.

**ماددەی (٤)**

**یەکەم:** لەکاتی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێریی کشتوکاڵیی و ئاودانی ئەو ڕووەکانەی کە جۆرێکی بالاتری لە ستانداردی ئاوی چارە سەرکراوی ئاوەڕۆی دەوێت وەك لەخشتەی (١)ی پاشکۆی ئەم رێنماییەدا باسکراوە ، لەو کاتەدا پێویستە بەکارهێنەرەکەی چارەسەری تایبەت دابنێت (چارەسەری پێشکەوتوو) بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە

أ- وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوو دەستەی ژینگەو ئەو لایەنانەی دیکە کە بەپێی یاسا پێویستە رەزامەند بن.

ب- وەك یەك بوونی جۆری ئاوی بەرهەمهێنراو لەگەڵ ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ کە لەخشتەی ژمارە(٢)ی پاشکۆی ئەم رێنماییەدا باسکراوە.

**دووەم:** لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دەستەی ژینگە پێویستە چەند نموونەیەك لە ئاوی یەکەکە وەربگرن و شیبکەینەوە بۆ دڵنیابوون لەوەك یەکبوونیان لەگەڵ ستانداردەکانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ وەك لەخشتەی ژمارە(٢)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا باسکراوە.

**ماددەی (٥)**

وێڕای پابەندبوون بەدەسەڵاتی چاودێری دەستەی ژینگە بۆ ڕێگریکردن یان سنووردارکردن یان کەمکردنەوەی ڕوودانی هەر پیسبوونێک:

**یەکەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆی هەیە بەدواداچوون و کەشف بکات بۆ ئەو خاک و بەرهەم و بەروبوومانەی کە بەئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو ئاودێری کراون.

**دووەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆی هەیە پشکنین بکات بۆ هەر بۆڕییەکی سەر زەوی یان ژێر خاك نراو ئەگەر گومانی لە سەرپێچیکردنی بەکارهێنەر هەبوو بۆ حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**سێیەم:** بۆ چاودێرانی رێگەپێدراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دەستەی ژینگە هەیە بچنە نێو ئەو باغ و کێڵگانەی کە سوودمەندن لەئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو ، خاوەنی باغ و کێڵگەکان یان ئەوانەی لەجێگەی ئەوانن بۆیان نیە رێگریی لەچاودێرەکان بکەن.

**ماددەی (٦): حوکمە کۆتاییەکان**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لەسەر ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراوو بەرهەمهاتوو لەوێستگەو یەکەکانی چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ و دووبارە بەکارهێنانەوەی.

**دووەم:** یەکە تایبەتەکان بەچارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆ دادەخرێن لەکاتی وەك یەك نەبوونی ئاوی دەرهاتوو لەگەڵ ستاندارەکانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆ وەك لەم رێنماییەدا باسکراوەو ، بەرووبومەکانیش لەنێو دەبرێن ئەگەر هەبوون.

**ماددەی (٧):**

ئەم رێنماییە شیاوی هەموارکردن و نوێکردنەوەو کەمکردنەوە دەبێت بەپێی دەقەکانی رێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پێداویستییە ژینگەییەکان لەداهاتوودا.

**ماددەی (٨):**هەردوو خشتەی ستاندارەکانی هاوپێچکراو بەشێکن لەو ڕێنماییە .

**ماددەی (٩):**

ئەم ڕێنمایە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صديق**
**سەرۆکی دەستە**

**خشتەی ژمارە(١)**

ستانداردەکانی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراوی دووانەیی و بەکارهێنراو بۆ ئاودێریی کشتوکاڵی

| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر |
|---|---|---|
| تایبەتمەندییە سروشتییەکان | سەرئاوکەوتووەکان | خاڵی بێت |
| | ماددە ڕەقە هەڵواسراوەکان TSS | 40 |
| | pH | 8 ، 6- 4 |
| تایبەتمەندیی کیمیایی ئۆرگانی | بایۆئۆکسجینی بەکاربراو $BOD_5$ | 40 |
| | لێڵیی TURBIDITY | 25 یەکەی لێڵبوون |
| | ڕۆن وچەوری OIL and GREASES | نییە |
| | فینۆڵ PHENOLS | 0.002 |
| تایبەتمەندی میکرۆبی | ژمارەی کۆلیفۆرمەکانی پیسایی | 1000 خانە / 100 مللتر |

| | | |
|---|---|---|
| تایبەتمەندی پێکهاتە کیمیاییەکان | نیتراتەکان $NO_3$-N | 50 |
| | ئامۆنیا (NH3-N) | 5.0 |
| تایبەتمەندیی کیمیایی | ئەلەمنیۆم Al | 5.0 |
| | ئارسنیک As | 0.1 |
| | بێریلیۆم Be | 0. 1 |
| | بۆرۆن B | 0.75 |
| | کادمیۆم Cd | 0.01 |
| | کلۆری ئازاد $CL_2$ | 0.5 (+) |
| | کرۆم Cr | 0.1 |
| | کۆبالت Co | 0.05 |
| | مس Cu | 0.2 |
| | فلۆراید F | 1 |
| | ئاسن Fe | 5.0 |
| | قورقوشم Pb | 0.1 |
| | لیتیۆم Li | 2.5 |
| | مەنگەنیز Mn | 0.2 |
| | جیوە Hg | 0.001 |
| | NO3 | 50 |

| زۆرترین ئاستی پیسبوونی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو (دوانەیی) | | |
|---|---|---|
| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون/ملگم/لتر |
| | مۆلیبدینیۆم Mo | 0.01 |
| | نیکل Ni | 0.2 |
| | سیلینیۆم Se | 0.02 |
| | ڤانادیۆم V | 0.1 |
| | زینک Zn | 2.0 |

پێویستە تێکڕای مانگانەی ئۆکسجینی بەکاربراو (BOD5)و خەستیی مادده ڕەقە هەڵواسراوەکان لە (٤٠) مللی گرام/ لتر زیاتر نەبێت و ، ژمارەی ژمارەی کۆلیفۆرمەکانی پیسایی لە (١٠٠٠ خانە/ ١٠٠مللی لتر) ، بەبێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر بنەماکانی دیزاینکردنی وێستگەکانی چارەسەرکردن هەبێت ، بەجۆرێك تێپەر نەکات لەرادە دیارکراوەنی نێو خشتەکە

**خشتەی ژمارە(٢)**

ستانداردەکانی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراوی سیانیی و بەکارهێنراو بۆ ئاودێریی کشتوکاڵی

| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون ملگم / لتر |
|---|---|---|
| تایبەتمەندییە سروشتییەکان | سەرئاوکەوتووەکان | خاڵیی بێت |
| | مادده ڕەقە هەڵواسراوەکان TSS | 10 ( أ ) |
| | pH | 8 ،6 -4 |
| تایبەتمەندیی کیمیایی ئۆرگانی | بایۆئۆکسجینی بەکاربراو $BOD_5$ | 10( أ ) |
| | لێڵیی TURBIDITY | 5.00 یەکەی لێڵبوون |

| | | |
|---|---|---|
| تایبەتمەندیی کیمیایی ئۆرگانی | OIL and GREASES رۆن وچەوری | نییە |
| | فینۆڵ PHENOLS | 0.002 |
| تایبەتمەندی میکرۆبی | ژمارەی کۆلیفۆرمەکانی پیسایی | 2.2 (ب) (دانە / ١٠٠ مل) |
| | ژمارەی هێلکەی کرمی ڕیخۆڵە | 1 هێلکەی زیندوو (دانە/لتر) |
| تایبەتمەندی پێکهاتە کیمیاییەکان | نیتراتەکان $NO_3$-N | 50 |
| | ئامۆنیا (NH3-N) | 5.0 |
| تایبەتمەندیی کیمیایی | ئەلەمنیۆم Al | 5.0 |
| | ئارسنیک As | 0.1 |
| | بێریلیۆم Be | 0. 1 |
| | بۆرۆن B | 0.75 |
| | کادمیۆمCd | 0.01 |
| | کلۆری ئازاد $CL_2$ | 0.5 (+) |
| | کرۆم Cr | 0.1 |
| | کۆبالت Co | 0.05 |
| | مس Cu | 0.2 |
| | فلۆراید F | 1 |
| | ئاسن Fe | 5.0 |
| | قورقوشم Pb | 0.1 |
| | لیتیۆم Li | 2.5 |
| | مەنگەنیز Mn | 0.2 |
| | جیوە Hg | 0.001 |
| زۆرترین ئاستی پیسبوونی ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو (سیانی) | | |
| تایبەتمەندیەکان | | زۆرترین ئاستی پیسبوون /ملگم/لتر |
| | مۆلیبدینیۆم Mo | 0.01 |
| | نیکل Ni | 0.2 |
| | سیلینیۆم Se | 0.02 |
| | ڤانادیۆم V | 0.1 |
| | زینک Zn | 0.2 |

(أ- ١) تێکڕای مانگانە بۆ هەر یەك لەBOD5,TSS ، زیاتر نەبێت لە (١٠ملی گرام/ لتر)

(أ- ٢) تێکڕای هەفتانە بۆ هەر یەك لە BOD5 ,TSS(أ-٢) ، زیاتر نەبێت لە(١٥ملی گرام/ لتر)

ب- ئاوی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو بەپاك ئەژمار دەکرێت بەپلەی ناتووشکەرو گونجاو بۆ ئەوەی بۆ ئاودێری بێ سنوور بەکاربهێنرێت ئەگەر بەرزترین ژمارەی چاوەڕوانکراو (MPN) بۆ کۆلیفۆرمی پیسایی لە ٢,٢ دانە بۆ هەر (١٠٠مللتر) زیاتر نەبێت (یان هێندەی بێت بەپێی ڕێگەکانی دیکەی پێوانەکردن) وەک لە ئەنجامی پشکنینی بەکتریا لە ماوەی هەفتەیەکدا دیاری کراوە ، هەروەها زیاتر نەبێت لە(٢٣) دانە بۆ هەر (١٠٠مللتر) لەهەر نموونەیەك (یان هێندەی بێت بەپێی ڕێگەکانی دیکەی پێوانەکردن)

(+) کەمتر نەبێت لە(٠,٢ مللی گرام/لتر) لەحاڵەتی بەکارهێنانی کلۆر بۆ پاکژکردنەوە.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٢٠٧٦ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (ئاشتی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٤٥٢ لە ٢٠٢٣/٤/١٢) و بریاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣ .بڕیارماندا بە:

- هێنانە کایەی گوندی (**ئاشتی**) سەر بە ناحیەی رۆڤیا /قەزای بەردەڕەش بەڕووبەری (**٥ دۆنم و ٧ئۆلک**) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (**1/1**) **لە کەرتی (٨٢/رۆڤیا)** وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆکدا هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٢٠٧٦ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

**بەیانی ڕاستکردنەوە**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی هەشتەم لە یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ و یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوا بەدوای رێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ کە لەڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە(٣٠٢ لە ٢٠٢٣/٤/١٨) بڵاوکراوەتەوە تایبەت بە هەمواری یەکەمی رێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ لەبەر ئەوەی ووشەی (کۆی) لەکاتی چاپ پەڕیوە ، ئەم بەیانی ڕاستکردەنەوەمان دەرکرد بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم:** دەستەواژەی (**ڕێژەی ٢٠%ی کۆی داهات**) شوێنی دەستە واژەی (**ڕێژەی ٢٠%ی داهات**) دەگرێتەوە لە ماددەی دووەم برگەی (١٠) لە ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٣)

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

**بەیانی**

**ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ ، پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرا ژمارە (١١١٨٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢ بڕیارمادا بە:

١- لکاندنی (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەید سادق ) بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کویستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**بەیانی**

**ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارمادا بە:

١- هەموارکردنەوەی بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٢٣) تایبەت بە کردنەوەی بنکەی (ڕاهێنانی پیشەیی چەمچەماڵ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروده ستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی / سلێمانی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت

**کویستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی وەرگرتنی باجی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ژمارە (١٧٢٠) لە (٢٠٢٣/٢/٢٠) ، بۆ بەرژەوەندی گشتی و کار ئاسانی بۆ هاوڵاتیان و ڕێگری کردن لە خۆ دزینەوە لە باج ، بڕیارماندا بە: -

- کردنەوەی سێ تێبینەرایەتی لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- تێبینەرایەتی باجی ئۆتۆمبێل/ هەولێر/ سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هەولێر /١

٢-تێبینەرایەتی باجی ئۆتۆمبێل/ سلێمانی/سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی سلێمانی/١

٣- تێبینەرایەتی باجی ئۆتۆمبێل/ دهۆک/ سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری/ بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی دهۆک .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی**

**ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (بەشی گرێبەستە گشتییەکان) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٥/٢.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وزارة الصحة**

**رقم: ٧٨٥٧ في ٢٠٢٣/٥/٤**

ا ستناداً الى احكام المادتين (١٢)و(٣٢) من قانون الطب العدلي لاقليم كورد ستان- العراق رقم (١٦) لسنة ٢٠٠١ والمادة (٢) و(٧) من قانون وزارة الصحة في الاقليم رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٧ اصدرنا التعليمات الاتية:-

## تعليمات رقم (١٤)لسنة ٢٠٢٣
## تعليمات تسهيل تنفيذ احكام قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان - العراق رقم (١٦) لسنة ٢٠٠١

### الفصل الاول
### التعاريف والاهداف

**المادة (١): يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذه التعليمات :-**

**اولاً: الاقليم:** اقليم كوردستان- العراق.

**ثانياً: الوزارة:** وزارة الصحة للاقليم.

**ثالثاً: الوزير:** وزير الصحة للاقليم.

**رابعاً: المعهد:** معهد الطب العدلي.

**خامساً: مدير المعهد:** مدير معهد الطب العدلي.

**سادساً: المجلس:** مجلس معهد الطب العدلي.

**سابعاً: الاقارب الى الدرجة الثالثة:** هم الاقارب او الاصهار من درجات القرابة الاولى او الثانية او الثالثة.

**ثامناً: الاشخاص وثيقي الصلة:** هم الاشخاص الذين تربطهم زمالة او صداقة متينة او من اعتاد الشخص مساكنته او مؤاكلته، وكل من لا يتمكن من ابداء الرأي في قضيته من دون ميل محتمل.

**المادة( ٢ ): تهدف هذه التعليمات الى :-**

**اولاً:** تنظيم عمل الطب العدلي في الاقليم.

**ثانياً:** رفع مستوى كفاءة العاملين في الطب العدلي في الاقليم، وتطوير مهامه لمساعدة العدالة.

**ثالثاً:** تحديد تشكيلات المعهد واختصاصاتها وشروط العاملين فيها وواجباتهم.

